گڵکەند

Kurdistan Chronicle

بڵاوکراوەیەکی گشتییە، دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ دەریدەکات

ژمارە (٤٠)

چوارشەممە ٢٠٢٦/٩/٣٠

گۆلیارێزەکەی هەولێر وەستای گەسە



کاری ڕۆژانەی محەمەد یاسین لە دوکانێکی گەسی باداوە. وێنە: ڕێبەند سەعدوڵا

لە شەڕی پادشاکانەوە بۆ ناو پۆلە بێدەنگەکان

گڵکەند

لە پۆلەکانی قوتابخانەدا کە جاران تەنیا دەنگی گفتوگۆی تەباشیر و تەختەڕەشی لێ دەبیسترا، ئێستە بێدەنگییەکی نوێ باڵی بەسەردا کێشاوە، لەسەر مێزی قوتابییەکان لە بریی کتێب و تێنووس، تەختەیەکی ٦٤ چوارگۆشەیی دانراوە، دوای چەند ساتێک بیرکردنەوە؛ بەهێواشی پەنجەکانی دەستی قوتابیانی بەسەردا دەسووڕێتەوە.

ماوەیەکە شەترەنج تەنها وەک یارییەک لەناو ماڵ و لەناو کافێ و چایەخانەدا نەماوە، بەڵکو لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان بووەتە وانەیەکی فەرمی و سەرنجی جیهانیشی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە.

فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی شەترەنج (FIDE)، لە ڕاپۆرتێکی فەرمیدا کە لە ماڵپەڕەکەی خۆیدا بڵاوی کردووەتەوە، بە گرینگییەکی زۆرەوە تیشک دەخاتە سەر ئەم وەرچەرخانە پەروەردەییەی هەرێمی کوردستان، بەدەستکەوتێکی مەزن و هەنگاوێکی مێژوویی بۆ پەروەردەی شەترەنج وەسفی دەکات.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی فیدراسیۆنە جیهانییەکە، یاریی شەترەنج بە فەرمی چووەتە ناو پڕۆگرامی خوێندنی قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستانەوە بۆ پۆلەکانی حەفتەم، هەشتەم و نۆیەم. ئەم دەستکەوتە، وەک فیدراسیۆنەکە پێزانینی بۆ دەردەبڕێت، بەرهەمی هەوڵەکانی یانەی شەترەنجی خانزادە، بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

د. دڵزار حەمەسالّح سەرۆکی یانەی خانزاد، کە پڕۆگرامی تایبەتی شەترەنج و ناوەڕۆکی پەروەردەیی بۆ پڕۆژەی (شەترەنج بۆ قوتابخانەکان) ئامادە کردووە، بیرۆکەی خوێندنی ئەم یارییەی بۆ ناو قوتابخانەکان گەاڵڵە کردووە تا ببێتە سیستمێکی پەروەردەیی ڕێکخراو. بەم هۆیەوە نامیلکەیەکی تایبەتی ١٥ لاپەڕەیی بۆ شەترەنج لەناو (ڕێبەری مامۆستایانی پەروەردەی وەرزشی) جێگیر کرا، بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەیەک



لای مامۆستایان تا بەرنامەکە جێبەجێ بکەن.

فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی شەترەنج لە ڕاپۆرتەکەیدا ئاماژەی بەوەش کردووە کە بەر لەوەی پڕۆژەکە بگاتە ناو پۆلەکان، ئامادەکارییەکی باشی بۆ کراوە. خولێکی ڕاهێنانی یەک هەفتەیی بۆ ١٥٠ مامۆستای پەروەردەی وەرزشی لە هەولێر ڕێک خراوە. خولەکە لەلایەن ڕاهێنەرە نێودەوڵەتییەکانی یانەی خانزادەوە بەڕێوە چووە و لە کۆتاییدا بڕوانامە بەخشراوەتە مامۆستا بەشدارەکان.

لە ڕوانگەی فیدراسیۆنەکەوە، ئامانج لەم هەنگاوە تەنیا سەیرکردنی شەترەنج نییە وەک وەرزشێک، بەڵکو بەکارهێنانیەتی وەک ئامرازێکی پەروەردەیی کە هاندەری بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، وردبوونەوە، داهێنان، دیسپلین، دان بەخۆداگرتن و توانای چارەسەرکردنی کێشەکان بێت.

یارییەکە هانی قوتابیان دەدات شیکردنەوە بۆ دۆخەکان بکەن و بڕیاری دروست بدەن، ئەمانەش ئەو لێهاتوویییانەن کە نەک تەنیا لەناو پۆل بەڵکو لە ژیانی ڕۆژانە و بەرپرسیارێتییەکانیشدا بەکار دێن.

لە کۆتاییی ڕاپۆرتەکەیدا، فیدراسیۆنە نێودەوڵەتییەکەی شەترەنج، ئەم ئەزموونەی کوردستان بەنموونەیەکی سەرکەوتووی کارکردنی پێکەوەیی دەزگە پەروەردەییەکان و ڕێکخراوەکانی شەترەنج دەزانێت بۆ فراوانکردنی سوودەکانی ئەم یارییە.

ئێستە کە تەختەکانی شەترەنج جێگەی خۆیان لەناو پۆلەکاندا کردووەتەوە، لەگەڵ هەر جوواڵەیەکدا، قوتابی فێر دەبن پێشبینیی داهاتوو بکەن و لە هەڵەکانیان کەڵک وەربگرن، بەم شێوەیە شەترەنج چیی تر تەنیا یارییەک نامێنێت بەڵکو دەبێتە سەرچاوەیەکی هەمیشەیی زانست و ئیلهام بەخشین بۆ نەوەی داهاتوو.


فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی شەترەنج، کە بە کورتکراوە فەڕەنسییەکەی FIDE (Fédération Internationale des Échecs) ناسراوە، دەستەیەکی بەڕێوەبەری جیهانین بۆ وەرزشی شەترەنج. ئەم ڕێکخراوە سەربەڕشتیی هەموو پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتییەکانی شەترەنج دەکات، خاڵی بەیەکگەیشتنی سەرەکیی نێوان فیدراسیۆنە نیشتمانییەکانی شەترەنجە لە جیهاندا.

فیدە لە ٢٠ی تەموزی ١٩٢٤ لە پاریس، لە کاتی هەشتەمین یارییەکانی ئۆلۆمپیادی هاوینە دامەزراوە، ئێستە بارەگەی سەرەکیی لە شاری لۆزانی سویسرایە و یەکێکە لە گەورەترین ڕێکخراوە وەرزشییەکانی جیهان، زیاتر لە ٢٠٠ وڵاتی ئەندام لەخۆ دەگرێت.



ژمارەیەک قوتابی لە پۆلێکی فێربوونی شەترەنج

لۆ هەولێر



شێرزاد هەینی

ناوی شێرزاد لە هەولێر!

دەتوانی زۆر بە ئاسانی زۆربەی ناوەکان بگەڕێنییەوە سەر خاوەن، شوێن، ڕووداوەکەی، زۆریش لە ناوەکان بوون بە میرات، مۆرک و بڵاو بوونەتەوە.

پێش پەیدابوونی شیعرە ناسکە جوانەکانی هێمن، ناوی هێمن بۆ کوڕان هەر نەبووە، هیچ منداڵێکی کورد لە باشوور و ڕۆژهەاڵت ناوی هێمن نەبووە!

پێش شەڕەکانی پێشمەرگەکانی دەشتی هەولێر لە ساڵی ١٩٧٤ لە چیاکانی ماکۆک و شیشار، هیچ منداڵێک بەو ناوانە نەبوون!

با بگەڕێینەوە سەر ناوەکەی خۆم شێرزاد!

با ئەوە بڵێم کە لە بەغدا خوێندکار بووم، قوتابییەکی عەرەب گوتی وام زانی ناوت شەهرەزادە، گوتم باشە لە گرووپەکەمان کچێکمان لەگەڵە!

شێرزاد ناوێکی دروست، بێ ڕکاربەر قەاڵتییە، ناوێکی کوردییە، لەبەر ڕۆشناییی کوردایەتی، هزری نەتەوەیی کوردی لەناو قەاڵتی هەولێر دروست بووە، کێ بووە ناوی لە یەکەم منداڵ ناوە، ڕەنگە بتوانین بیدۆزینەوە!

سەبارەت بە خۆم دەزانم بەر لە حەفتا ساڵ، باوکم پیاوێکی سیاسی، خوێندەوار، قەاڵتییش نەبووە لە گوندێکی نزیک هەولێر یەک منداڵ ناوی کوردیی تێدا نەبووە، ناوی لە من ناوە شێرزاد! بۆیەش هیچ کەس بەو ناوە بانگی نەکردووم، نەیانزانیوە بڵێن شێرزاد، بە منیان گوتووە کوڕۆ! تا چوومەتە مەکتەب، نفوسم بۆ دەرچووە!

بڕوا ناکەم پێش سەت ساڵ کەس ناوی شێرزاد بووبێت، ئەو ناوە نەبووە، ڕاستی ناوی تری کوردی لە کوردستان زۆر بوون بەاڵم لەو هەولێرە ناوی شێرزاد نەبووە!

لە دوای وردبوونەوە و لێکۆڵینەوە گەیشتمە ئەو بڕوایەی ناوی شێرزاد لە ساڵانی چلەکان پەیدا بووە، وڵاتپارێزەکانی قەاڵت ئەوانەی لە حزبی هیوا و دارکەران ئەندام بوون، ناوەکەیان داناوە.

کەسایەتیی سیاسیی دیاری هەولێری زەید ئەحمەد عوسمان، کوڕی یەکەم موتەسەڕیفی هەولێر، لە ناوەندی چلەکان لە قاهیرە کتێبێکی بە ناوی (نضال الاکراد) لە چاپخانەی (التقدم) بە ٦٠ لاپەڕە، بە ناوی (محمد شیرزاد) چاپ کردووە، لەو ساڵانەی دوایی دووبارە چاپ کراوەتەوە!

کە من چوومە ناوەندیی سەیداوە لە پۆلەکەمان حەفت شێرزاد هەبوون، وەک ئەوەی تەقە لە ڕەوە کۆترێک بکەن، لەناو پۆلەکان پەرتەیان پێ کردین.

لە ناوەکەم ڕازیم، پێم ناخۆش نەبووە، بە شێرۆ، کاکەشێر، شێرەش بانگیان کردبم! کەیفم بەوەش دێت ناوەکەم کوردیی هەولێرییە! دروود بۆ ڕۆحی سیاسەتمەدار محەمەد شێرزاد و ئەندازیار ئیحسان شێرزاد!

دووسایدی هەولێر - کۆیە

بەرەو قۆناغەکانی کۆتاییە

زیرەک تاریق

پڕۆژەی ستراتیژیی دووسایدی هەولێر – کۆیە، کە یەکێکە لە گرینگترین پڕۆژەکانی ژێرخانی ئابووری و گواستنەوەی هەرێمی کوردستان؛ بە خێراییەکی بەرچاو بەرەو قۆناغەکانی کۆتایی هەنگاو دەنێت.

ئامانجی سەرەکیی ئەو پڕۆژەیە کورتکردنەوەی مەودای نێوان هەولێر و کۆیەیە، گۆڕینی جادەیەکی یەکسایدی ترسناکە بە دووسایدێکی مۆدێرن، بە تەواوبوونی پڕۆژەکە ماوەی ئەو ڕێگەیە لە کاتژمێرێکەوە بۆ کەمتر لە نیو کاتژمێر کورت دەبێتەوە.

کەیفی فارس بەڕێوەبەری جێبەجێکاری پڕۆژەکە، وردەکاریی تەکنیکی و ئاستی جێبەجێکردنی پڕۆژەکە بۆ (گڵکەند) ڕوون دەکاتەوە، کە درێژییەکەی ٤٨.٤ کیلۆمەترە و بە گوڕمەی زیاتر لە ٦٨٠ ملیار دینار لەلایەن کۆمپانیای ناوخۆییی ئاوزانەوە جێبەجێ دەکرێت و لە چەندین بەشیش پێک هاتووە، لەوانە شەش ئۆقەڕپاس، چوار ژێرپرد و دوو بەرزەپردی گەورە.

ئاماژە بەوەش دەکات کە ڕێژەی کارکردن لە پڕۆژەکەدا گەیشتووەتە ٤٩٪، تا ئێستە زیاتر لە ٢٤ کیلۆمەتری هەردوو سایدەکە قیڕ کراوە، چینی یەکەمی قیرتاوکردن کە بنچینەی سەرەکیی ڕێگەکەیە، تەواو بووە. تیمەکانی ئەندازیاری و کرێکارانیش بەشێوەیەکی چڕ و لە چەندین قۆڵەوە خەریکی کارکردنن، تەنها لە بەشی پردەکاندا چوار تیمی جیاواز بە هاوتەریب کار دەکەن بۆ تەواوکردنی حەفت بەرزەپرد و ژمارەیەک ژێرپرد.

یەکێک لە بەشە سەرەکی و گرینگەکانی ئەم پڕۆژەیە، دروستکردنی پردێکی گەورەیە بە ناوی (پردی شۆڕش). ئەم پردە کە لە قۆناغی جێبەجێکردن دایە و لە باشووری گوندی سماق شیرین و باکوری گوندی بانەقەڵاتە، دەبێتە بەرزترین پرد لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، بەرزییەکەی ٤٢ مەتر و درێژییەکەی ٢٥٠ مەتر دەبێت.

ئەندازیار کەیفی فارس دەڵێت ئەو دووسایدە نوێیە تەنیا پڕۆژەی ڕاکێشانی جادەی قیڕ نییە، بەڵکو چەندین سیستەمی پێشکەوتووی لەخۆ گرتووە، لەوانە سیستەمی پێشکەوتووی ئاوەڕۆی لوولەیی و سندووقی، دیواری پاڵپشتی کۆنکرێتی بۆ پاراستنی سەلامەتیی لێوارەکانی ڕێگە، هەروەها سیستەمی ڕووناکی و دانانی هێماکانی هاتوچۆ و پەرژینی خۆپاراستن کە هەموویان بە پێوەری ستانداردی جیهانی دادەنرێن.

بەڕێوەبەری جێبەجێکاری پڕۆژەکە، باس لەوەش دەکات کە سوودەکانی ئەو ڕێگەیە تەنیا بۆ گواستنەوەی نێوان هەولێر و کۆیە نییە، بەڵکو گشت ئەو گوند و ناوچانەی دەکەونە سەر ڕێڕەوی ڕێگەکە، دەبنە بەشێک لە بەرەوپێشچوونەکان. دەشڵێت "ئەو گوندانە ئێستە دەبنە بەشێک لە تۆڕی هاتوچۆی شار، بە جۆرێک کە هاتوچۆیان زۆر ئاسان دەکات. لە ڕووی کاتیشەوە، کۆیە دەبێتە گەڕەکێکی نزیکی هەولێر، چونکە بە ٢٧ خولەک لە کەسنەزانەوە دەگەیتە کۆیە". ئەو نزیکبوونەوەیەش بەراورد دەکات بە ناو شارە گەورەکان کە هەندێک جار هاتوچۆ لە گەڕەکێکەوە بۆ گەڕەکێکی دیکە بەهۆی قەرەباڵغییەوە نیو کاتژمێری پێ دەچێت. ئەم پڕۆژەیە بەها و گرینگییەکی زۆر بە ڕێگەی نێوان هەولێر و کۆیە دەبەخشێت.

ئێستە هەولّەکان چڕ کراونەتەوە بۆ ئەوەی لە ساڵی داهاتوودا پڕۆژەکە بکرێتەوە و بکەوێتە خزمەتی ڕێبواران. بەم هۆیەوە کەیفی فارس دەڵێت کارەکان لە هەموو بڕگەکاندا لە بڕین و پڕکردنەوەی زەوی، تا دانانی بەربەستی کۆنکرێتی و کاری پردەکان بەردەوامن.

بە تەواوبوونی ئەو پڕۆژەیە، نەخشەی هاتوچۆ لە سنووری پارێزگەی هەولێر گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بەخۆیەوە دەبینێت، ئاستەنگییەکانی ڕێگەی کۆن کە ڕێگەیەکی یەکساید و پڕ لە مەترسی بوو، کۆتاییی دێت.


گرافیکی پردی شۆڕش لەسەر دووسایدە نوێیەکەی هەولێر - کۆیە، کە دەبێتە بەرزترین پرد لە کوردستان



ڕێبەند سەعدوڵا

چاو لە زاخۆ بکەین

هەر وتارەک نا، دەینی کیتابەکی لەسەر خراپیی ئاژووان لە هەولێرێ بنووسی.

کەس نییە، هەر جارەی بە فاتیحە و قولوەڵا لە جادەکی هەولێرێ بپەڕیتەوە، ترسی هەپروونبوونی هێسکەکانی لەبن تایە و دەعامیی ترومبێلان زراوی نەبا، لە ساتەکیدا تووشی مۆتۆرفۆبیا و هەزار ترسی عەنتیکەی دی دەبی.

هەوکە پەڕینەوە، بڕیارە لە بەینی مەرگ و ژین، چونکە ئاژووان بەردەمی خۆی نابینی، زیاتر چاوی لەسەر مۆبیل و هاوسەفەرەکەیتی، خۆ ئەگەر خواشنەخواستە لە دووڕەوە بتبینی، لە جێی ئەوەی وەکی هەر ئاژووانەکی ئاسایی سەر ئەو زەوییە خڕە، هێواشی کاتەوە و ڕێ بدا بڕۆی، پێ لێ دەنێ و خێراتر داڕوا، نەکا لە پێش گەیشتنی وی، قورتارت بی و بگەیە کەناری سەلامەتیی ئەوبەری جادە.

ئەو کەلێنە گەورەیە، بە دەردەدر و خەفەتان پڕ نابتەوە، با پێشنیازی هەنگاوەکی ئەرێنی و ئاسان بکەین. لەو بارەوە پێویست ناکات چاو لە سوید بکەین، کە ئەگەر ئاژووان ڕێ بە پیادە نەدات، نەک هەر پۆلیس ٣٠٠ دۆلاری غەرامە دەکا، خەرکیش بە چاوی سووک تەماشای دەکەن. ئەدی چاو لە کێ بکەین؟ زاخۆیێ دەلال.

لە هەر جادەکی زاخۆ، خەتخەتە سپییەکانی پەڕینەوە هەبوو، چاوت بقوچێنە و بپەڕەوە، هەرچی ئاژووانی شارە، پادەگری و ڕێت دەداتێ.

ئەوە یەکەکە لە کۆمەڕەک کولتووری گچکە و گرینگی زاخۆی گەش، کە پێکڤە لەسەری ڕێک کەوتوون و هەر قابیلی لێ فێربوونن.

کوو فێر دەبین؟

میدیـــا و سۆسیـــالمیدیـــا ئاسانتریـــن ڕێی هۆشیارکردنەوەن، با کەمپین بکرێت.

کەناڵەکانی بە ئاسانی دەچنە ماران، کولتووری پەڕینەوە بە شەقامەکانی زاخۆ بکەن بە باس، داخوا چۆن فێر بوون و هەمووان لەسەری ڕێک کەوتوون؟ لەسەر سەت مەتری هەولێرێ کۆمەڕە ئاژووان و پیادە بدوێنن، داخوا لۆ چ پەڕینەوە، چوونە ڕێی هات و نەهاتە؟ دەزگەی وەکی کوردستان فاوندەیشن بە هاوئاهەنگی لەگەڵ کۆمپانیای وەکی هێمن گرووپ دەست بە هەڵمەتی تۆخکردنەوەی خەتخەتە سپییەکانی جێ پەڕینەوەی جادەکانی پایتەخت بکەن.

سۆسیالمیدیاکار، تاقیکردنەوەی کۆمەڵایەتی بکەن، ئاژووانی باش و خراپ پیشان بدرێن. کەمالیات لەزگەی جامی ترومبێل دروست بکەن "بۆ پیادە دەوەستم"، ببتە نیشانەی شانازی و هێمای ئاژووانی هۆشیار.

مانگانە چوار ملیۆن جووجەڵە هەنارده دەکرێت

ڕەوا عەبدوڵڵا



لەناو گەرمای ئامێرە زەبەلاحەکانی هەڵهێنانداا، دەنگی جیکەجیکی ملیۆنان جووجەڵە تێکەڵ بە دەنگی بزوێنەری ئەو بارهەڵگرانە دەبیێت کە بەردەوام بەرەو شارەکانی ناوەڕاست و خواروی عێراق بەڕێ دەکەون.

سااڵنێک لەمەوبەر کێڵگەکان گیرۆدەی جووجەڵەی قاچاخ و نەخۆشییە هاوردەکراوەکان بوون، بەاڵم ئەمڕۆ پێگەی هەولێر لەناو کەرتی هەڵهێناندا بە تەواوی گۆڕاوە و بووەتە شادەماری زیندووی کەرتی پەلەوەر بۆ وڵاتی عێراقیش.

وەرچەرخانێکی گەورەی ئابووری لە نێوان ٢٠١٧ بۆ ٢٠٢٦ ڕووی دا، هەولێر بووە قەڵغانێکی پتەوی ئاسایشی خۆراک، بووە ئەو شارەی کە بەهۆی قەدەغەکردنی قاچاخ و جێبەجێکردنی ئاسانکارییە کارگێڕییەکانەوە نیوەی پرۆژەکانی هەڵهێنەری هەرێمی کوردستان بگرێتە خۆی و مانگانەش نزیکەی چوار ملیۆن جووجەڵە هەناردەی عێراق بکات.

هەروەک کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڵێنی پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ و دابینکردنی ئاسایشی خۆراکی دا، پرۆژەکانی هەڵهێنەری جووجەڵەی گۆشت وەک بازنەیەکی گرینگ و تەواوکار بۆ بەرهەمهێنانی گۆشتی سپی، بازدانێکی گەورەیان بەخۆوە بینی. بەپێی ئامارە فەرمییەکان، وزەی بەرهەمهێنانی ساڵانە لەسەر ئاستی هەرێم بە ڕێژەی ١٣١.٣٪ زیادی کردووە، کە تێیدا پارێزگەی هەولێر پشکی شێری بەرکەوتووە.

پایتەخت نەک هەر پێداویستیی ناوخۆ پڕ دەکاتەوە بەڵکو مانگانە بە هەناردەکردنی نزیکەی چوار ملیۆن جووجەڵە، بووەتە شادەماری زیندووی کێڵگەکانی پەلەوەر لە ناوەڕاست و خواروی عێراق.

بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، لە ماوەی نۆ ساڵی ڕابردوودا ٢٠ پرۆژەی ستراتیژیی نوێی هەڵهێنەری جووجەڵەی گۆشت لە هەرێمی کوردستان دامەزراون، ئەمەش ژمارەی گشتیی پرۆژەکانی بە ڕێژەی ٤٧.٦٪ زیاد کردووە و توانای بەرهەمهێنانی لە (٢٦٩, ٢٩٤, ٨٨٠) هێلکەوە بۆ (٦٢٢, ٩٨٨, ٤٨٠) هێلکە بەرز کردووەتەوە.

ئێستە ٦٢ پرۆژەی هەڵهێنەری جووجەڵەی گۆشت لە هەرێمی کوردستان هەن، کە هەولێر بە ٣١ پرۆژە لە پلەی یەکەم دایە و نیوەی کۆی پرۆژەکانی بەرکەوتووە، پاش ئەویش سلێمانی بە ١٣ پرۆژە، دهۆک هەشت پرۆژە، ئیدارەی ڕاپەڕین شەش پرۆژە، گەرمیان چوار پرۆژە و ئیدارەی سۆران بە یەک پرۆژە دێن.

فیراس سدیق، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ، ڕای گەیاند پرۆژەکانی هەڵهێنەر ڕۆڵێکی بنەڕەتی و ستراتیژی لە زنجیرەی پیشەسازیی پەلەوەردا دەگێڕن.

پێشتر بەهۆی کەمیی پرۆژە ناوخۆییەکان، جووجەڵە بە قاچاخ لە وڵاتانی دراوسێوە هاوردە دەکران و دەبووە هۆی گواستنەوەی نەخۆشی، بەاڵم وەرچەرخانی ڕاستەقینە لە ساڵی ٢٠١٩ەوە دەستی پێ کرد، کاتێک حکومەت هاوردەکردنی جووجەڵەی قاچاخی قەدەغە کرد.

ئەم بڕیارە هاوشان لەگەڵ ئاسانکارییە کارگێڕییەکان و کەمکردنەوەی ڕۆتین، بووە دەرفەت بۆ بووژانەوەی پرۆژە ناوخۆییەکان و هانی وەبەرهێنەرانی دا تا ئاستی بەرهەمهێنان بۆ چوار هێندەی پێداویستیی ناوخۆ بەرز بکەنەوە، کە ساڵانە ١٥٥ ملیۆن جووجەڵەیە.

ئامارەکان دەری دەخەن کە بڕبڕەی پشتی گەشەسەندنی ئەم کەرتە پارێزگەی هەولێرە، کە تێیدا ژمارەی پرۆژەکان لە ٢٤ەوە بۆ ٣١ پرۆژە زیادیان کردووە و توانای ساڵانەی هەڵهێنانی هێلکە لە (١٦٧, ١٦٢, ٠٠٠) لە ساڵی ٢٠١٧ەوە بۆ (٣٤٤, ١٦٢, ٠٠٠) هێلکە بەرز بووەتەوە، واتە وزەی بەرهەمهێنان بە ڕێژەی ١٠٦٪ گەشەی کردووە. بەمەش هەولێر بە تەنیا نزیکەی ٥٥٪ی کۆی بەرهەمی هەرێمی کوردستان دابین دەکات و بووەتە چەقی سەرەکیی دابینکردنی پێداویستیی کێڵگەکانی پەلەوەر لە ناوخۆ و عێراقدا.

ڕێباز ئیسماعیل، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە هەولێر، جەختی لەوە کردەوە کە «کوالێتی و نرخی گونجاو» وایان کردووە جووجەڵەی هەولێر لە شارەکانی عێراق خواستێکی بێوێنەی لەسەر بێت، بە جۆرێک لەم وەرزەدا کە بەهۆی گەرماوە دانانەوەی مریشک لە عێراق کەم بووەتەوە، هێشتا مانگانە زیاتر لە چوار ملیۆن جووجەڵە لە هەولێرەوە ڕەوانەی شارەکانی عێراق دەکرێت. ئاماژەشی بە کەڵێنێکی ستراتیژی کرد کە بریتییە لە کەمیی پرۆژەکانی «دایکانەی جووجەڵەی گۆشت»، کە وای کردووە هێشتا ٤٠٪ی هێلکەی تورکاندن لە تورکیاوە هاوردە بکرێت، ئەمەش باشترین دەرفەتە بۆ وەبەرهێنانی نوێ لەو بوارەدا.

شیکردنەوەی داتاکان نیشانی دەدەن کە لەو ١٧٧ ملیۆن هێلکەیەی لە هەولێر زیادی کردووە، ١٣١ ملیۆنی لە ڕێگەی حەفت پرۆژەی نوێوە بووە و ٤٦ ملیۆنەکەی دیکەی لە ئەنجامی فراوانکردن و نۆژەنکردنەوەی پرۆژە کۆنەکان بووە.

لە ڕووی کارگێڕییەوە، لە کۆی ٣١ پرۆژەی هەولێر ئێستە ٢٠ پرۆژەیان لە کاردان و ١١ پرۆژە بەهۆی فراوانکردن، نۆژەنکردنەوە یان کەوتنە ناو ماستەرپلانی شارەوە بە شێوەیەکی کاتی وەستاون.

پرۆژەی هەڵهێنەری «ناز» لە سنووری قەزای قوشتەپە، وەک یەکێک لە گەورەترین و دیارترین پرۆژەکانی هەڵهێنەر لەسەر ئاستی پارێزگەی هەولێر ئەژمار دەکرێت. ئەم پرۆژەیە کە لە کۆتاییی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٥دا مۆڵەتی کارکردنی پێ دراوە، خاوەنی ژێرخانێکی بەهێزە کە لە ١٦ سێتی هەڵهێنان پێکهاتووە و توانای وەبەرهێنانی ساڵانەی دەگاتە ٣٠.٧٢ ملیۆن هێلکە. جەمال فازڵ، خاوەن و بەڕێوەبەری پرۆژەکە، ئاماژە بەوە دەکات کە ساڵانە بە وزەی ٧٠٪ بۆ ٨٠٪ی توانای خۆیان کاریان کردووە.

لە بارەی دابینکردنی هێلکەش، زیاتر پشت بە بەرهەمی پرۆژەکانی خۆیان دەبەستن، بەاڵم هەندێک جاریش بەپێی داواکاریی کڕیار، هێلکەی تورکی دادەنێنەوە. ئێستە ٨٠٪ی جووجەڵەکانیان بۆ ناوخۆ دابین دەکەن و ٢٠٪ی بەرهەمەکەیان لەسەر خواست یان وەک «دانانەوە وەک کرێ» بۆ شارەکانی عێراق ڕەوانە دەکرێت.

جەمال فازڵ پێی وایە سستبوونی کەرتەکانی تر وای کردووە سەرمایەداران ڕوو لەم بوارە بکەن و تەنانەت بە ١٠٪ بۆ ٢٠٪ی قازانجیش ڕازین، ئەمەش وای کردووە ژمارەی پرۆژەکان لە هەولێر بەردەوام لە هەڵکشاندا بێت.

هەر لە چوارچێوەی گەشەی ئەم کەرتە، لە نیسانی ساڵی ڕابردوودا کۆمپانیای (VITTEL) بە سەرمایەی سێ ملیۆن دۆلار، گەورەترین پرۆژەی هەڵهێنەری بەناوی «ئەربیل» لە قوشتەپە دامەزراند کە ساڵانە توانای تروکاندنی ٤٢.٢٤ ملیۆن هێلکەی هەیە. ئازاد ئەبوزێد، خاوەن و بەڕێوەبەری پرۆژەکە، کە پێشتر ئەزموونی لە بواری بازرگانیی جووجەڵەدا هەبووە، ئاماژە بەوە دەکات کە ئامانجیان لە دامەزراندنی پرکردنەوەی خواستی ناوخۆ و دابینکردنی پێداویستیی پرۆژەکانی خۆیان و پەرەپێدانی کارەکەیان بووە لەسەر بنەمای متمانە.

لە ڕووی تەکنیکییەوە، پرۆژەکە توانای هەیە لە هەر ٢٢ بۆ ٢٥ ڕۆژێکدا وەجبەیەکی نوێی جووجەڵە بخاتە بازارەوە، چونکە پرۆسەی هەڵهێنان ٢١ ڕۆژ دەخایەنێت (١٨ ڕۆژ لەناو ئامێری هەڵهێنەر و ٣ ڕۆژ لەناو ئامێری پاراستن و تروکاندن).

ئازاد ئەبوزێد دەڵێت «هەرچەندە هێلکەی ناوخۆ ڕێژەی تروکاندنی لە هێلکەی تورکی بەرزترە، بەاڵم بەهۆی کەمیی لە بازاڕدا پشت بە هاوردەی تورکی دەبەستین و ٩٥٪ی بەرهەمەکانمان لە ناوخۆ ساغ دەکەینەوە». سیستەمی کارکردنی ئەم پرۆژەیەش لەسەر بنەمای متمانە و قەرزە، بە شێوەیەک کە تێچووی جووجەڵەکان دوای فرۆشتنی بەرهەمی مریشکەکان لەلایەن کێڵگەکانەوە وەردەگرنەوە، ئەمەش وەک پاڵپشتییەک بۆ بەردەوامیی زنجیرەی بەرهەمهێنانی گۆشتی سپی و کارکردنی بەردەوامی پرۆژەکان بەشێوەی قازانجی هاوبەش.

لە پاڵ خاوەن پرۆژە گەورەکاندا، مۆدێلێکی دیکەی بازرگانی لە بازاڕدا دەرکەوتووە کە ڕۆڵێکی کارا دەگێڕێت. خالید خاڵیس، یەکێک لە بازرگانانی ئەم بواڕە، باس لەوە دەکات کە نووسینگەی تایبەتمەند هەن هێلکەی تروکاندن لە تورکیاوە هاوردە دەکەن و بە شێوەی «دانانەوە وەک کرێ» لە هەڵهێنەرە ناوخۆییەکان دای دەنێنەوە؛ دوای هەڵهێنانی، جووجەڵەکان بە پرۆژەکانی بەخێوکردنی مریشک دەفرۆشنەوە. ئەم مۆدێلە وای کردووە کە بازاڕی جووجەڵە تەنیا لە دەستی خاوەن هەڵهێنەرەکاندا نەمێنێتەوە و جوولەیەکی بازرگانیی زیاتر دروست بێت.

بەم شێوەیە، ئەو هەولێرەی سەردەمانێک چاوی لە دەستی دەرەوە بوو بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی، ئەمڕۆ بووەتە دایکی بژێوی و پارێزەری ئاسایشی خۆراکی سەرتاسەری عێراقیش.

کاروانە بێ وچانەکانی بارهەڵگرەکان، کە ملیۆنان جووجەڵەی زەردی تەمەن یەک ڕۆژە بەرەو شارەکانی ناوەڕاست و باشوور دەگوازنەوە، تەنیا مامەڵەیەکی بازرگانی نین بەڵکو پەیامێکی ڕوونی خۆڕاگری و وەبەرهێنانن لەسەر بنەمای متمانە. ئەم گەشەسەندنەی کەرتی پەلەوەر سەلماندوویەتی کە بەبڕیاری دروستی حکومەت و ڕێگریکردن لە قاچاخ، دەکرێت قەیرانەکان بکرێنە دەرفەتی زێڕین.

هەنگوین دووهێندە زیاد دەکات

گڵکەند

لەگەڵ گۆڕانی وەرزەکاندا، سوپایەکی بێدەنگ لە سەرتاسەری کوردستاندا بەردەوام کۆچ دەکەن.

پتر لە ١٥ هەزار هەنگەوان سەرپەرشتیی نزیکەی ٨٠٠ هەزار پووڕە هەنگ دەکەن؛ لە زستان و بەهاردا ڕوو لە گەرمیان، لە هاوین و پایزیشدا بەرەو لووتکەی کۆیستانەکان هەڵدەکشێن، ئەو هەنگانە نایابترین شیلەی گوڵ بۆ دروستکردنی شابەرهەمێک کۆ دەکەنەوە کە لەسەر ئاستی ٤١ وڵاتی ئاسیادا، پلەی یەکەمی هەیە.

دوای سێ ساڵ لە وشکەساڵی و پاشەکشەی بەرهەمی هەنگوین، بەرزبوونەوەی ڕێژەی باران لە زستانی ڕابردوودا، سروشتی بووژاندەوە. عارف شێرەوانی سەرۆکی تۆڕی هەنگەوانانی کوردستان، لە بەردەم سندووقە پڕ لە هەنگوینەکانی قسە بۆ (گڵکەند) دەکات "بەهاری ئەمساڵ بەرهەم هێند زۆر بوو، بەشەک لە هەنگەوانان پێش گواستنەوەی سندووقەکان بۆ کوێستانێ، ناچار بوون بەرهەمەکەیان ببڕنەوە. پێشبینی دەکەین کۆی بەرهەمی بەهارە و ئەو هاوینەی بگاتە سەرووی ٢٠٠ ,١ تۆن، واتە بەراورد بە ساڵی پار ئاستی بەرهەمهێنان نزیکەی دووقاتی لێ دێت، زەرەر و زیانە داراییەکانی ساڵانی ڕابردووی هەنگەوانان قەرەبوو دەکاتەوە".

لەو پێشەیەدا زیادبوونی بەرهەمی هەنگوین پەیوەندیی بەچەندین لایەنی ئاڵۆزەوە هەیە، ئازاد حەسەن مامۆستا لە کۆلێژی زانستە ئەندازیاریی کشتوکاڵییەکانی زانکۆی سەڵاحەدین، پێی وایە کۆمەڵێک ئاڵنگاری ڕێگرن لە گەشەی ئەم کەرتە، یەکێکیان پەیوەندیی بە نەریتی بەخێوکردنەوە هەیە، کە تێیدا پاشەکەوتی خۆراکی پێویست بۆ هەنگەکان ناهێڵدرێتەوە و شاژن لاواز دەبێت.

هەروەها هۆکارە ژینگەیی و تەکنەلۆژییەکانیش مەترسیی زۆریان دروست کردووە، بەکارهێنانی بێ سەروبەری قرچکەرە کیمیاییەکان لەلایەن جووتیارانەوە کە ماددەی نیکۆتینیان تێدایە، دەبێتە هۆی گێژبوونی هەنگەکان و لەدەستدانی توانای ناسینەوەی ڕێگەی گەڕانەوەیان بۆ پووڕەکانیان. جگە لەمەش پیسبوونی ژینگە بەهۆی دووکەڵی پاڵاوتگەکانی نەوت و بڵاوبوونەوەی شەپۆلە کارۆموگناتیسییەکانی تاوەرەکانی ئینتەرنێت و پەیوەندیکردن، هاوسەنگیی بایۆلۆژیی هەنگەکانیان تێک داوە و کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر مردنی هەنگەکان و کەمبوونەوەی بڕی بەرهەم جێ هێشتووە.

لە سنووری هەولێر کە پتر لە ٤, ٢٠٠ هەنگەوان خاوەنی ٣٥٠ هەزار پووڕە هەنگن، دۆڵی (باڵەیی)یان وەک پایتەختی ئەم پیشەیە دەردەکەوێت. لە گوندی ماونان، کە یەکێکە لەو ١٤ گوندەی دۆڵەکە، ٥٠ هەنگەوان سەرپەرشتیی زیاتر لە هەشت هەزار پووڕە هەنگ دەکەن.

فەیسەڵ چاوشین، ماوەی ٣٠ ساڵی تەمەنی لەگەڵ مۆکە و شانەی هەنگدا بەسەر بردووە، خاوەنی ٥٠٠ پووڕە هەنگە، دەڵێت "ئەمە بەپێی وەرزەکان، هەنگەکانمان لە کوێستانەکانی قەندیلێوە بەرەو تەقتەق و کەلار دەگوازینەوە، هەتا شیلەی جیاواز هەرمژن. بەس ساری پار، دەردی نەخۆشیی ڤاروا نیوەی هەنگەکانی لەناو بردین، چونکە ئەو دەرمانانەی لە بازاڕی هەن، باش نین، وەزارەتی کشتوکاڵیش لە ساری ٢٠١٤ەوە هیچ هاوکارییەکی نەکردینە".

فەیسەڵ باس لە ڕێگەیەکی نوێ دەکات بۆ باشتر کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییەکان و دەڵێ ئێستە زۆربەیان لە بەخێوکردنی هەنگ لە سەبەتی (خەڵیف)ەوە ڕوویان لە (سندووق) کردووە.

ئاماژەش بەوە دەکات کە داهاتی ئەوان تەنیا لە هەنگوین کۆ نابێتەوە، بەڵکو فرۆشتنی پووڕە هەنگ و بەرهەمە لاوەکییەکانی وەک گەردە و خواردنی شاژنیش، بەشێکی گرینگی داهاتیان پێک دەهێنێت. نیگەرانیشە لەوەی مەترسییەکی گەورە لەسەر ناوی خاوەن هەنگەکانی کوردستان هەیە بەهۆی ئەو هەنگوینە دەستکردەی لە کارگەکان بە شەکر و ڕەنگ دروست دەکرێن و کیلۆی بە دووسێ هەزار دینار دەفرۆشن. فەیسەڵ چاوشین هۆشداری دەدات کە دوای نەخۆشیی ڤاروا، گەورەترین مەترسی لەسەر ئەم بڕانده نیشتمانییە، ئەو هەنگوینە دەستکردانەن و دەڵێت ئەم دیاردەیە گورزێکی گەورەی لە بازاڕی هەنگوینی ڕەسەنی کوردستان و ناوبانگەکەی داوە.

جگە لە هەنگوینی ساختە، هەنگوینی ڕاستەقینەش جۆری زۆری هەیە، ئەو جیاوازییانە لە شێخەڵڵای هەولێرێ بەدیار دەکەوێت، محەمەد سەعید ٢٥ ساڵە بازرگانی هەنگوینە، جۆرەکان بەو شێوەیە پۆلێن دەکات: هەنگوینی کێوی دەگمەن کیلۆی لە سەرووی ١٥٠ دۆلارە، هەنگوینی بێ شەکر، کە ئەگەر خەڵیف بێت، ٤٥ بۆ ٦٠ هەزار دینارە، ئەگەر سندووقیش بێت ٢٠ بۆ ٢٥ هەزار دینارە، هەنگوینی تێکەڵیش نرخی حەفت بۆ ١٠ هەزارە.

سەرەڕای هەوڵە بەردەوامەکان، ئەم کەرتە هێشتا لە نێوان بەرداشی ئاڵنگارییە ئەمنی و سیاسییەکان دایە. ئامارە فەرمییەکان باس لە پاشەکشەی ٦١.٥٪ی ئاستی گشتیی بەرهەم دەکەن، لە ١, ٦٠٠ تۆنەوە بۆ تەنیا ٦١٦ تۆن. لەم نەخشە گۆڕاوەی بەرهەمهێناندا، پارێزگەی هەولێر تەنیا ناوچەی گەشەکردوو بووە، لە بەرامبەردا پارێزگەکانی سلێمانی، دهۆک و هەڵەبجە دابەزینی بەرچاویان بەخۆوە بینیوە. بەڵام عارف شێرەوانی گومانی لەم ئامارانە هەیە و دەڵێت "ئامارەکانی وەزارەت بەهۆی پشتبەستن بەخەملاندنی بنکە کشتوکاڵییەکان، هەمیشە لە ڕاستی بەرزتر نیشان دەدرێن". بەپێی بەدواداچوونی مەیدانی، بەرهەمی ڕاستەقینە لە ساڵی ٢٠٢٢ تەنیا ١, ٠٠٠ تۆن بووە و لە ساڵی ٢٠٢٥دا بۆ ٥٠٠ تۆن دابەزیوە، واتە بەرهەم لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا بە ڕێژەی ٥٠٪ کەمی کردووە نەک ٦١٪.

سەرەڕای هەموو ئاڵنگارییە ژینگەیی و نەخۆشییەکان، بوونی ١٥ هەزار هەنگەوان و ٨٠٠ هەزار پووڕە هەنگ، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە ئەم پیشەیە هی کۆڵنەدەرەکانە. بە کەمێک پاڵپشتی و هەماهەنگیی تۆکمەی نێوان حکومەت و کەرتی تایبەت، ئەم سوپا بێدەنگە دەتوانێت کوردستان بکاتە چەقی هەمیشەیی هەنگوینی سروشتی لە جیهاندا.



وێنە: پێشڕەو مەهدی



گۆران شاخەوان

مەمشۆوە بە قوڕاوێ، چاکەی دواییم ناوێ!

ئێمە نەتەوەیەکی سەیرین، ئەزانن؟! هاتووین گەورەیی نووسەر و هونەرمەندەکانمان بە مەترسێجای قەرەباڵغیی سەر گۆڕستان دەپێوین! کاتێک کەڵەنووسەرێکی وەک عەزیز گەردی، هیلاک و ماندوو، لە دووریی ئاواییدا سەری بەسەر کتێبەکانیدا گرتبوو، نەمدی کەس لە دەرگەی ماڵەکەی بدات، قەت دوو کەس هەواڵیان نەپرسی. دواتر کە ئەستێرەی ژیانی کوژایەوە، بە پەنجەی دەست، پیاو لەژێر قورساییی دارەبازەکەی نووشتابوونەوە. بەڵام لە فەیسبووک هەر زوو دەریای شین و لۆمە شەپۆلی دا "ئەی هاوار، کوو دەبی کەس لەسەر تەرمەکەی نەبێت!". مامۆستای زانکۆ و نووسەری وام بینی، بە پەخشان و دێرە شیعر هۆنراوەیان بۆ کتێب و وەرگێڕانەکانی دەنووسی، کەچی لە بیرمە کاتی خۆی لە زانکۆ، هەمان ئەو کەسانە دەیانگوت "کورە دە لێی گەڕێن، ئەو پیاوە شێت بووە!". ئەوجا هێشتا کفنی وەرگێڕی (داغستانی من) زەرد نەبووبوو، لەسەر میراتەکەی، کە کتێبخانەیەکی دانسقە و دەیان دەستنووسی چاپنەکراو بوو، شەڕی براکان هەڵگیرسا.

هەر دوێنی بوو، لەتیف هەڵمەت شین و واوەیلای بە بەژن و باڵای ژنەکەی هەڵدەکرد، کەچی دوو کەس لە تەنیشتی نەبوون دڵنەواییی بکەن، دیسان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زەریاپۆش پڕ بوون لە ئەسرینی درۆینە. ئایا بە جدی قەرەپەستەی سەرقەبران، گەورەیی هونەرمەند و دڵسۆزی بۆ نووسەرەکە دووپات دەکاتەوە؟

دەزانم ئێستە دەپرسن: ئەی بۆچی گەندەڵێک، یان ڕیشسپیی خێڵێک، کوڕە تەنانەت مەلایەک، کاتێک دەمرێت گۆڕستان دەبێتە بازاڕی عەکاز و خەڵک وەک زەردەواڵە لێی کۆ دەبنەوە؟ ئایا ئەمە پێزانینە بۆ خزمەتەکەی؟ نەخێر؛ ئەمە تەنێ هاوکێشەیەکی کۆمەڵایەتی و پرسێکی عەشایەرییە "ئەمڕۆ من دێمە پرسەی باوکت، تا سبەی تۆش بێیتە تازیەی من!"، بزەبت پێوەڕێکی بەرژەوەندیخوازانەیە، نەک ڕێزگرتن لە مانیفێستی فیکر و ئەدەب.

سەیری لیۆنێل میسی، ناسراوترین مرۆڤی سەر گۆی زەوی بکە، کاتێک لەسەر گۆڕستان خەریکی ناشتنی تەرمی باوکی بوو، گلەییی لە کامێرامانێک دەکرد، بۆچی وێنەی گرتووە و ئارامیی ئەو ساتەی ماڵباتەکەی تێک داوە. خۆ ئەگەر میسی شەیدای هۆسەوهەرای سەرقەبران بووایە، ڕەنگ بێ بە یەک پۆستی ئینستگرام، لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە ملیۆنان دەرووێش بەرەو ئەرجەنتین ڕێگەیان ببڕیبا!

ئەرێ ئەم دووڕوویییە بەس نەبێت؟ سەتان هونەرمەند و دەیان نووسەر و ڕۆشنبیر بەهۆی هەژارییەوە لە پیشە بنەڕەتییەکەی خۆیان دابڕان، بێ ئەوەی کەس بڵێت کەرتان بەچەند! گۆڤارتان بیر چوو؟ تا مرد، پارە نا، کەس ڕۆژێک سوپاسێکی بە شایەن نەزانی!

ڕێزگرتن لە نووسەر و هونەرمەند ئەوەیە، تا زیندوون، ژیانێکی سەربەرزانەیان بۆ دابین بکرێت، نەک دوای مردنیان لەسەر شانی قەرەباڵغیی درۆینە بەرز بکرێنەوە. مردوو پێویستی بە سێڵفیی سەر گۆڕ و سۆزی فەیسبووک نییە؛ وەرن تا زیندوون بەرهەم و بەهایان بەرز ڕابگرن، ئەوجا کورد خۆڕایی نەیگوتووە: "مەمشۆوە بە قوڕاوێ، چاکەی دواییم قەت ناوێ!".

ئەو کێژانەی لە ئەپارتمانەکان بەردەبنەوە

سپێدە حازم

وەک ئەنجامێکی پێشڤەچوونی شارسازی، قیتبوونەوەی چەندین ئەپارتمانی دەیان نهۆمی و دروستبوونی شارە ستوونییەکانی هەولێر، هەر کرانەوەی کۆمەڵگە و گۆڕانی کۆمەڵایەتیی بەدوادا نەهاتووە، بەڵکو نیمچە دیاردەی چاوەڕێنەکراوی، کەوتنە خوارەوەی کێژانیشی لە بەرزاییی چەندین نهۆمەوە لێ پەیدا بووە.

جاران، ئەپارتمان نەبوون یان هەبوون و هێندە بەرز نەبوون، بۆیە وەک ئێستە کێژان لە بەرزایی نەدەکەوتنە خوار بەڵام هەموو سەردەمێک پاساوی خۆی هەیە بۆ لەنێوچوونی مێ، جاران زوو زوو کێژێک لە قوتابخانە دیار نەدەما دوای دوو سێ پۆژ دەیانگۆت بە پرێمزی سووتایە.

گۆڕستانە ستوونییەکان

لە گەرمەی مانگی تەمووزی ئەمسااڵدا، پووداوێکی نوێی بەربوونەوەی کێژێک لە ئاسمانی پرۆژەیەکی نیشتەجێبوونی ستوونیدا تۆمار کرا.

ژنێکی دووگیان بوو لە نهۆمی پێنجەم کەوتە خوارەوە، دراوسێکانی گومانیان زۆرە، یەکێکیان بە (گڵکەند)ی گوت "دایمە لەگەر مێردی شەڕیان بوو، پیاوەکی درپیس بوو، نەیدەهێشت ژنەکەی مۆبایلیش هەرگری".

بەپێی گێڕانەوە فەرمییەکە، ئەو ژنە دووگیانەش هاوشێوەی زۆربەی دۆسیەکانی دیکەی کەوتنە خوارەوەی کێژان، خۆی خۆی هەڵداوەتە خوارەوە و هەوڵی خۆکوشتنی داوە نەک کەسێک فرێی دابێتە خوارەوە، بەڵام یەکێک لە شایەتحاڵەکانی دانیشتووی پرۆژەکە ئاماژە بە دیمەنی سامناکی ساتی کەوتنە خوارەوەی ژنە دووگیانەکە دەکات، کە مێردەکەی لە تەنیشتی بووە و پڕ بەدەنگی هاواری کردووە "بمگەنێ".

پۆلیس پای گەیاندووە کە ژنەکە ٢٩ ساڵ بووە و دەمودەست گیانی لەدەست داوە، مێردەکەشی دەستگیر کراوە.

هەفتەیەک بەر لە کەوتنە خوارەوەی ژنە دووگیانەکە، کێژێکی عێراقی لە پرۆژەیەکی دیکەی ستوونی لە هەولێر کەوتە خوارەوە و دەستبەجێ گیانی لەدەست دا. بەر لە چوار مانگ، کێژێکی دیکە لە پرۆژەیەکی ستوونیی گرانبەهای هەولێردا کەوتە خوارەوە، بەڵام تیشکی نەخرایە سەر و زانیاریی لە بارەوە بڵاو نەکرایەوە.

ئامار و بێدەنگی

پێکهاتەی کۆمەڵگەکانی ئەو ناوچەیە، بەهۆی باوسالارییەوە زەمینەی لەباریان بۆ ئاساییکردنەوەی تووندوتیژی بەرانبەر مێ چێ کردووە، جا لە ستەمی دەروونییەوە بگرە تا ئازاردانی جەستەیی، تەنانەت کوشتنیش بەبیانووی پاراستنی شەرەف و لێگرتنەوەی ئازادییەوە.

لە یاسای سزای عێراقی ژمارە ١١١ی ١٩٦٩، لە ماددەی ٤٠٨دا هاتووە کە هاندان یان یارمەتیدان بۆ خۆکوشتن، سزاکەی دەگاتە حەفت ساڵ زیندانی.

کیفاح حەسەن بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەولێر، بە (گڵکەند)ی ڕاگەیاند کە ئێستە زیاتر لە ٧٠ نەتەوەی جیاواز لە هەولێر دەژین و بەردەوام خەڵکی بیانی و شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق پوو لێرە دەکەن، ئەو تێکەڵبوونە لەناکاوە کۆمەڵایەتییە، جۆرێک لە سەرلێشێوانی دروست کردووە بۆیە بەبۆچوونی ئەو، زیادبوونی تاوان پێشبینی کراوە بەڵام ئەوەش ناشارێتەوە کە ژنکوشتن دیاردەیەکی نوێ نییە و ڕووداوی ژنکوشتن خەڵک ڕاناچڵەکێنێت.

ئەنجامی ڕاپرسییەکی ڕێکخراوی هاریکاریی یاساییی ژنان کە مانگی حوزەیرانی ئەمسااڵ بڵاو بووەتەوە، دەڵێت ٤١٪ی ئەو تووندوتیژییانەی لە دۆسیەکانی دادگەکانی تووندوتیژیی خێزانی تۆمار کراون، تووندوتیژیی دەروونی بوون، تەنها ١٩٪یان تووندوتیژیی جەستەیی بوون. هەروەها ٥٢٪ی تووندوتیژییە خێزانییەکان لەلایەن مێردەکانەوە کراوە، باوک ١٩٪، برا ١٢٪ی پۆڵەکانیان بەرکەوتووە.

کێژێ منیان هەردا خواری

دایکی کێژێکی ١٩ ساڵی، ئەوها شین و پۆڕۆی بۆ کێژە لەدەستچووەکەی دەکرد، کە پوودواوەکەی کارەساتێک بوو زیاتر لە فیلم دەچوو تا ڕاستی.

کێژە ١٩ ساڵییەکە، لەگەڵ دوو تیکتۆککەر دەبێت، لە نهۆمی شەشەمی ئەپارتمانێکی هەولێر دەکەوێتە خوارەوە، گیان لەدەست نادات و لە نەخۆشخانە چارەسەری وەردەگرێت بەڵام دوای ١١ مانگ لە شەوێکی نیسانی ٢٠٢٤دا، لەلایەن باوک و برایەوە دەکوژرێت. دایکی کێژە کوژراوەکە دەیگێڕێتەوە کە مێردەکەی بەردەوام لە منداڵییەوە ئازاری جەستەیی کێژە کوژراوەکەی و خوشکەکانی داوە، دەڵێ "سۆندەی ڕادەوەشاندنێ، پرچ و برۆی دەتاشین".


چەند هەفتەیەک دوای ئەو دۆسیەیە، کێژێکی دیکە لە ئەپارتمانێکی بەرزی هەولێرەوە کەوتە خوارێ. دایک و باوکی لە ڕێگەی ڤیدیۆیەکەوە بڵاویان کردەوە کە کێژەکەیان هەڵدراوەتە خوارەوە.

کۆتاییی تونێل

لە حوزەیرانی ئەمسااڵ، شۆخان حەمەئەمین بەڕێوەبەری ڕێکخراوی هاریکاریی یاساییی ژنان، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی ئاشکرای کرد، ساڵی ٢٠٢٥، ١٥ هەزار و ٨٢٦ تووندوتیژیی خێزانی تۆمار کراون. ئاماژەی بەوە کرد ڕێگەپێدراو نییە ئاماری ژنکوشتن بڵاو بکرێتەوە.

تەمەنی ژیان لە ئەپارتمانەکانی هەولێر بەو بڵاویەی ئێستە هەیە، بۆ کەمتر لە ٢٠ ساڵ دەگەڕێتەوە بەڵام لەو ماوە کورتەدا سەتان تاوەر بەرز کراونەتەوە، دەیان هەزار یەکەی نیشتەجێبوون لەخۆ دەگرن. تەپوتۆزی دانانی بلۆک لەسەر بلۆک هەر ئاسمانی شارە ستوونییەکانی نەگرتووەتەوە، بەڵکو ئەو داغکردنە بێدەنگە نوێیەی کۆمەڵگەشی بەشێوازێک داپۆشیوە، کە ئەگەر بە گەشبینیش لێی بڕوانی، تایە، لەو قۆناغی ڕاگوزەری گۆڕانە خێرایەدا تووشی کۆمەڵگە بووە، ڕەنگە تا ماوەیەک بمێنێت و دواتر ئەویش وەک دیاردەکانی دیکە، وەک پاساوەکانی دیکە، تێپەڕێت.





بنشکێن

"گۆران سەباح

سێکسفرۆشی شەرعی

هەندێ ژن لە کۆمەڵی مە، زۆر جار سێکس وەک چەکێک بەکار دەهێنن لە دژی هاوسەریان. قەت لە مەجلیسان گێت لێ نەبووە یەک بە یەکی دەڵێ چییە لۆ ئەوها مرۆمۆچی، دەڵێی موچەبڕ (قەتع ڕاتب) کرای؟

لەسەر پرسی گەورە، ژن ئەو جوولّەیە ناکات. لەسەر شتی زۆر سادە و پڕوپووچ دەیکات. ڕەنگە پیاوەکە مەکسییەکی لۆ نەکڕیبێت، یان دەستە بەرداخێک، یان کەوایەک (عەمری ئەو پیاوەش نەمێنێت، کە درێغی دەکات و ئەو شتانە بۆ ژنەکەی ناکڕێت).

ئەو چەکەی ژنان ترسناکترە لە درۆنەکان، چونکە ئەوە هەر پیاوی موچەبڕدراوە نازانێت ترومبێلی باژوا، دۆ و دۆشاوی تێکەڵ دەکات، لە فەرمانگە ئیشی خەڵکی دوادەخات، لە تاوان دەبێتە ڕاپۆرتنووس، پڕ دەداتە شیعر و ئابڕووی وشە و شیعریش دەبات.

هەر پیاوی موچەبڕدراوە بەنزینی گران دەکات، موچەی دوا دەخات، دەبێتە مەلا هەتا چار ژنان بینی، دەبێتە مامۆستای زانکۆ هەتا پڕ داتە کچی خەڵکی.

ژن هەیە چەند خولەکێک پێش ئەوەی بداتە پیاوەکەی، داوای شتی لێ دەکات. پیاوەکەیش، وا هار بووە لە تاو هەوەسی خۆی دەڕێ بەسەرچاو. باشە ئەوە چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ سێکسفرۆشێک. یەکەمیان شەرعییە و دووەمیان ناشەرعی.

کابرایەک هەموو سبەینان سەری خۆی بە ملی دەشووشت ئەوجە دەچووە دەڕێ، پرچی باش هیشک نەدەکردەوە. کە دەچووە ناو برادەرەکانی پلاریان لێ دەدا، دەیانگۆتێ «ئەوە چییە غەزەب ئەتو هەموو ڕۆژێ سەرت تەڕە، دیارە تێری!» کابرا بسکی سمێرانی دەلەرییەوە، خەنی دەبوو بەو پلارانە. ئەو کابرایە کێشەیەکی هەبوو، لەگەڵ کەس دانووی نەدەکولّا لەگەڵ تڕی خۆی بە شەڕ دەهات. دوای ماوەیەک لە حاڵەتێکدا، ئاشکرا بوو کابرا هەموو شەوێ موچەبڕ کراوە و دۆخی زۆر خراپ بووە.

وای لۆ بابای موچەبڕدراو، ئەگەر موچەخۆر بێت، دەبی هەتا ماوە خەمی هەردوو موچەکەی بێت، ئەگەر جەڵتە لێی بدات لە خەفەتان، دەبێتە شەهیدی موچەی شەوێ و ڕۆژێ.

ئاسانە پیاوی موچەبڕدراوی شەوێ لە پیاوی موچەبڕدراوی ڕۆژێ جیا بکەیەوە، ئەگەر بابەتی موچە کرایەوە و گۆتی گێ مەدەنێ، دنیا هەر وا بووە، چا دەبی ئینشاڵڵا، ئەوە بزانە موچەی شەوێی گەرمە و لێ نەبڕدراوە، بەڵام ئەگەر دەستی پێ کرد و نەیبڕییەوە، ئەوە بزانە لە هەردوو موچان بووە. لێی مەگەڕە و هەقی خۆیتی.

دڕامای هەبوو نەبوو و شێوەزاری هەولێرێ

نووری بێخاڵی

دڕامای تەلەڤزیۆنیی (هەبوو نەبوو)ی سەباح عەبدوڵڕەحمان، یەکێک لە شاکارە پێشەنگ و زێڕینەکانی دڕامای هەولێرە، لە ڕوانگەی ڕەخنەیی و زانستییەوە دەقێکی قووڵی فرە ڕەهەندە کە لەسەر بنەمای پێکهاتەی فۆلکلۆری و گۆڕانی کۆمەڵایەتی داڕێژراوە.

بەکارهێنانی لێزانانەی شێوەزاری ڕەسەنی هەولێرێ لە دڕاماکەدا، هەر وا ڕەمەکی و ڕێککەوت نەبوو بەڵکو ئامرازێکی زمانەوانیی دڕامی بوو بۆ نزیکبوونەوە لە دەروونی بینەری ناوخۆیی، بەتایبەت کە دیالۆگەکان کورت و ڕپ لە پەندی پێشینان و مەتەڵی فۆلکلۆری بوون، ڕیتمی ڕووداوەکانیشی خێرا و سەرنجڕاکێش کردبوو.

کارەکە ڕەهەندێکی ستاتیکی و جوانکاریی قووڵیشی تێدا بوو کە پەیڕەوی لە ئیستاتیکای سادەیی دەکرد. دیکۆر، جلوبەرگی کوردیی کۆن و کەلوپەلە بەکارهاتووەکان، بینەریان دەبردەوە فەزایەکی نۆستالیژیی پاک، لە کاتێکدا ستاتیکای پێکەنین لە دڕاماکەدا لە جۆری کۆمیدیای ڕەش بوو، کە لە نێوان ناتەباییی پێگەی کاراکتەرەکاندا دروست دەبوو. ئەم ناتەباییە جوانکارییە لە ڕێگەی کاراکتەرە فۆلکلۆری و کۆمیدییەکانەوە بەرجەستە بوو، کە ناوەکانیان بۆ چەندین دەیە لەسەر زاری خەڵک مایەوە.

سادەیی و نەفامیی ڕەجەبی پاقلەخۆر کە هونەرمەند سەعدون یونس بەشێوازێکی ناوازە و سەرنجڕاکێش ڕۆڵەکەی دەگێڕا، لە بەرامبەر دونیادیدەیی و ژیریی هاوسەرەکەی ناسکە خان، کە هونەرمەند ئاواز مەحمود، ناسراو بە ئاواز سۆفی ڕۆڵەکەی دەگێڕا، دژیەکییەکی وا ناوازەی دروست دەکرد، کە بینەر لە یەک کاتدا پێ بکەنێت و ناچار بە تێڕامان و بیرکردنەوەش دەبوو.

هونەرمەندی کۆچکردوو سەلام کۆیی لە ڕۆڵی عەزە قۆڵبڕدا، کاراکتەرێکی فێڵباز و سەرکێش بوو کە بەشێکی زۆری کێشە و ڕووداوە کۆمیدییەکانی دڕاماکەی دروست دەکرد. هونەرمەندی کۆچکردوو زاهیر عەبدوڵڵا لە ڕۆڵی ئۆمەر چاوچنۆکدا کە بەهۆی لێهاتوویییەوە لە نواندنی ڕۆڵەکەی، تا مردیش لەناو خەڵکدا هەر بەم ناوە ناسرا. نەخشەی ئەم جیهانە دراميیە، بە ڕۆڵی هەریەکە لە هونەرمەندان عەلی ئەحمەد لە ڕۆڵی حیکایەتخوان وەک گێڕەرەوە و بەستەرەوەی چیرۆکەکە و خەلیل یابە لە ڕۆڵی میر- وەک کەسایەتیی خاوەن دەسەڵات لە نێو ڕووداوە فۆلکلۆرییەکاندا و قاسم عەزیز لە ڕۆڵی قوماشفرۆش، ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی و مرۆیی قووڵی هێنایە ئاراوە، بەتایبەت لە نیشاندانی پێگەی ژن لە کۆمەڵگەدا، ئەویش لە ڕێگەی کاراکتەری ناسکە خانەوە وەک هێمای عەقڵ، بەڕێوەبردن و هێز لە خێزاندا، کاتێک پیاوەکە سادە و کەمئەزموون بوو، ژنەکە دەبووە بڕیاردەر و پارێزەری خێزانەکە، کە ئەمەش پەیامێکی پێشکەوتووانە بوو بۆ کۆمەڵگەی پیاوسالاریی ئەو سەردەمە.

دڕاماکە لایەنی چیناییەتی و ململانێی هێزی لە کۆمەڵگەدا بە ڕوونی شی دەکردەوە، بە جۆرێک میر هێمای دەسەڵاتی سیاسی بوو، عەزە قۆڵبڕ و ئۆمەر چاوچنۆک هێمای چینی چەوسێنەر و فێڵباز، ڕەجەبیش هێمای چینی هەژار و چەوساوە بوو، کە ململانێی نێوانیان ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی ململانێی چینایەتیی کۆمەڵگەی کوردی بوو لە قۆناغە مێژووییە جیاوازەکاندا.







دەکرێت پەیامی فەلسەفی و سەرەکیی دڕامای هەبوو نەبوو لە چەند تەوەرێکی سەرەکیدا کورت بکرێتەوە، لەوانە سەرکەوتنی عەقڵ بەسەر هێزدا، کاتێک دەیسەلمێنێت مرۆڤی سادە و چەوساوە، بە ڕێنوێنی عەقڵی دروست کە ناسکە خان نوێنەرایەتیی دەکات، دەتوانێت بەسەر فێڵبازیی عەزەی قۆڵبڕ و ئۆمەری چاوچنۆک و ستەمی دەسەڵاتی میردا سەربکەوێت.

هەروەها پاراستنی ناسنامەی کولتووری، بەو پێیەی دڕاماکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە فۆلکلۆر و حیکایەتی کۆن، تەنیا ڕابردوو نین، بەڵکو ئاوێنەیەکن بۆ بینینی کێشەکانی ئێستە و داهاتووش.

دواجار کارەکە لە ڕێگەی ڕەخنەی دۆخی باوەوە پەیامەکەی خۆی تەواو دەکات و دەکرێت ناوونیشانی هەبوو نەبوو، وەک ئاماژەیەک بۆ چەمکی جیهانیی گۆڕانکاری و نیشاندانی ئەوەی کە هیچ دۆخێکی ستەمکاری یان هەژاری هەمیشەیی نییە و ژیان بەردەوام لە دەوران و گۆڕان دایە، کلیلێک بێت بۆ کردنەوەی زۆربەی ئەو کۆدە ڕەخنەییانە.

بەکاربردنی شێوەزاری ڕەسەنی هەولێرێ و ئاستی بەرزی نواندنی ئەکتەرەکان، ڕەخنەگرتنی کۆمەڵایەتی لە قالبێکی کۆمیدیدا گەیاندە لووتکە و هەر ئەمەش بوو وای کرد کە ئێستەش وەک یەکێک لە کارە هەرە جوان و مێژووییەکانی ناو دنیای هونەری کوردی، سەیری دڕامای (هەبوو نەبوو) بکرێت.

هەبوو نەبوو لە سەرەتادا نمایشێکی شانۆیی بوو، بۆ بەشداری لە فیستیڤاڵی شانۆی عێراق، کە بەڕێوەبەرایەتیی سینەما و شانۆ ئەنجامی دەدا، لە ١٩٨٠/٣/١٨ بۆ یەکەم جار لەسەر شانۆی (مسرح الثورة الجوال) لە بەغدا نمایش کرا، لە فیستیڤاڵەکەدا دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو و سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا. هەمان ساڵ لە تەلەڤزیۆنی بەغدا بەشێوازێکی نوێ وەکو نمایشی شانۆی تەلەڤزیۆنی تۆمار کرا، کە بەشێکی زۆری بەشداربووان لە میانەی ئەو بەرهەمە بوون بە ئەستێرە و ناوبانگیان پەیدا کرد.

کۆڵان کۆڵان گێڕانەوە



کەریم کاکە

دایکم و گەسکەکەی

چەندێ دڵخۆش بووم بە وەرگرتن، دە هێندە و پتر دڵتەنگی بە دەرکردن.

بەرگی سەرشۆڕیمان نەپۆشی، لەسەرهەندێ دەریانکردین، دەرگای خوێندنیان بە ڕوودا داخستین. لێ ئاسوودەین، بەوەی مل بۆ بڕیاری بەغدا نادەین.

ترسمان لەوەیە بەغدا نەهێڵێ ئەو یاخیبوونەمان لەسەربچێ، ناومان بۆ سەربازی بێتەوە و بۆ بەرەی جەنگ ڕامانپێچێ.

من و سەربازی! وەبیرمدێ تازە دەستم داری دەگرت، هەرێم بە خۆم دا بابم چەندێ سەربازی کرد، منیش هەر هێندە.

بەر لە یازدەی ئازارێ لە سەربازگەکەی ئەوبەری ماڵێ، مەشق و سزای سەرپێچیی سەربازانم دیبوو.

خۆ ئەوەی (سەلام قوت)یان دەگۆتێ، لە دیدی منەوە سووکایەتییەکی گەورە بوو. گۆتەیەکی باپیریشم وا لە گوێمدا دەزرینگێتەوە: لە دەستمبێ، ڕێنادەم نەوەی نەوەشم پێیان بخەنە ناو پۆستاڵەوە. لە دڵێ خۆ دەمگۆ: باپیرە، من لە قسەی تۆ دەرناچم.

هەینێ گۆتەیێ لە سەر زاران بوو: هەر کەسێ سەربازی نەکات نابێتە پیاو. وێدەچێ مەبەستیان لەو پیاوبوونە وابەستەی یاساورێسا، پشتبەخۆبەستن و ئەو شتانە بووبێ. حوسێنی کوڕە خاڵ کە پێشمەرگەی دێرین بوو، گۆتەکەی زۆر دەگۆتەوە، بەڵام پێشمەرگەی لە جێی سەرباز دانابوو. پێشمەرگە!

لەو سەردەمەی خۆکوژی و جەنگە، سەرباز و جاشی لێ دەرچێ ببمە هەر شتێ، باشترە لەوەی ببمە پێشمەرگە. ئاخر پارتەکانی چیا چەپ و ڕاست بەناو ئێکدی وەربوونە. سەرتیپی هاوڕێم دەیگۆ: هاوڕێ، من و تۆ لێرە چەند برادەرین، ئەگەر بچینە سەرێ، ناچارین سەنگەر لێکدی بگرین. گوتم: ئەگەر وەرنەگیرێینەوە، کونێ بۆ خۆشاردنەوە دەبینمەوە.

لەو ماوەیە کەم دەچوومە دەرێ، لە حەفتەی جارێ دوو بە پێیان و کۆڵان کۆڵان دەچوومە بازاڕ. بە جلکوبەرگی زانکۆوە دەگەڕام، لۆوەی گەڕەک و بێرییەسۆر هەر وا بزانن قوتابیم و دەرنەکراوم. تا کاتی پشووی خوێندنیش دانەهات، نەمدەوێرا بچمە کرێکاری، ئاخر بە جلکی کرێکارییەوە بێریەسۆر داوای ناسنامەیان لێ کردبای، دوور نەبوو بتگرن. با هەر ناسنامەی زانکۆ و پەراوی ڕاژەت لە بەرکێ بێ، دەزانن تۆ دەرکراوی، تۆ فەرمانی سەرۆکی فەرماندەت شکاندووە.

شار پڕە لە بێرییەسۆر، ڕێت بکەوێتە هەر شەقامێ لێرە و لەوێ ڕاوەستاون.

دەڵێی چاوئێشەن دەگەڕێن، دەچیە هەر شوێنێ لە بەر دەمت قیتدەبنەوە.

لەگەڵ گەردوگوڵی بەیانی بە ناو مەیدانی کرێکاران وەردەبن. دەستەی تایبەت لە ڕێوبانان بازگە دادەنێن و پەڕەسێلکەش بێ ناسنامە لە دەستیان دەرباز نابێ.

کەڕەتێ لە بەری گەڕەکی موفتییەوە بە کۆڵانە بەرینەکەدا دەگەڕامەوە.

ماڵمان لە سەر کۆڵانێکی پەرگەی بەلاشاوەیە. لە دووڕەوە دایکم دی، لە سیلەی خانوو ڕوو لە من ڕاوەستاوە. گەسکی بە دەستەوە، بەرز و نزمی دەکاتەوە. هەندێ لە دیوار دوورکەوتەوە، گەسکەکەی خستە پشتی و پشتاوپشت بەڕەو ڕووی من چەند هەنگاوێکی نا. گەسکەکەشی بە شێوەیەک دەجوولاندەوە، وەک بڵێی هەوا بماڵێ. لۆ وا دەکات؟ باشبوو زوو تێگەیشتم، دەنا دوورنەبوو پێوەبم. گەڕامەوە دواوە، لە پێش دەرگایەک ڕاوەستام. هێندەی نەبرد برا هەشت نۆ ساڵانەکەم پەیدابوو. گوتی: دەوری گەڕەک گیراوە، بن ئەو دیوارانە پڕن لە چەکدار، ماڵان دەگەڕێن و خەڵک دەگرن.


دواتر دەمگۆتە دایکم: هۆدا. لە بەر چاوم ناوماڵ مەماڵە، گەسکت بە دەستەوە ببینم، دەڕەوێمەوە.

بە دە ستێک تۆپ و بە دە ستێک لە فە





محەمەد یاسین لەناو یاریگە. وێنەکان: سەبوور ڕەشید



زیرەک تاریق

لە بواری وەرزشیدا بەتایبەتی تۆپی پێ، کەم نین ئەو یاریزانانەی بە خەونی گەورەوە دەست پێ دەکەن. محەمەد یاسینی تەمەن ٣٠ ساڵ، بە وردی پۆڵایینەوە تا ئێرەی هێناوە.

کاتێک وەرزش بژێویی دابین نەکردووە، ژیانی خۆی لەناو یاریگە سەوزەکاندا سنووردار نەکردووە، بەڵکو دەستێکی بۆ پاراستنی گۆڵ و دەستێکیشی بۆ چێشتخانە درێژ کردووە.

محەمەد کە لەدایکبووی گەڕەکی ٩٢ی باداوەیە، یەکێک لە گۆڵپارێزە سەرکەوتووەکانی هەولێرە، لە دەرەوەی یاریگەش وەستایەکی لێهاتووی گەسە، چیرۆکی ژیانی تژی ململانێیە لە نێوان ئارەزووی وەرزش و دابینکردنی بژێوی.

محەمەد یاسین بە ئەزموونێکی دەوڵەمەندەوە لە یانەی پیشەسازی لە خولی کوردستان یاری دەکات، سەرەتای دەرکەوتنی دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی هێمن.

سەرەتا یاریزانی بەرگریکار بووە، بە ئامۆژگاری و چاودێریی مامۆستایەک بە ناوی سدیقە بچکۆل، کە پۆژنامەنووسیشە، ڕێچکەی ژیانی وەرزشیی خۆی دۆزیوەتەوە. محەمەد دەڵێت مامۆستاکەی بەردەوام هاوکاری بووە و بەڵێنی پێ دابوو کە ئەگەر بەردەوام بێت، دەگاتە ئاستێکی زۆر باش.

ئەو یاریزانە، لە تەمەنی ١١ ساڵیدا دەچێتە تیپی لاوانی گەڕەکی ٩٢. ڕۆژێک بەڕێککەوت لە یارییەکدا دەبێتە گۆڵپارێز، لەم بارەوە دەیگێڕێتەوە "کەمال ئیسماعیل یاریزانەکی گەڕەکێ بوو پێی گوتم ئەتو بەهرەی گۆڵچیت تێدایە، لەو ڕۆژیەوە بوومە گۆڵچی".

ژیانی گەنجی و مندااڵیی محەمەد بەئاسانی تێنەپەڕیوە، لە تەمەنی ١٤ ساڵییەوە بەدوای بژێویی ژیاندا بووە. لەو کاتەی لە تیمی لاوانی یانەی وەرزشیی ئاڵا دەستی بە یاریکردن کرد، لە پاڵ مەشق و ڕاهێنانەکانیدا، لە کارگەیەکی نایلۆن لەگەڵ باوکی کاری دەکرد. یادگارییەکی تاڵی ئەو ڕۆژانە دەگێڕێتەوە "یەکەم جارم بوو لە ژیانم سەفەرەکم بێتە پێش، لەگەر تیپی لاوانی ئاڵا دەچووینە دهۆکێ بەس ساحێب ئیشەکەم ئیزنی نەدام و نەمتانی بچم، ئەو ڕۆژی خراپ درم شکا، بەس وەعدم بەخۆم دا بەهێز بم و بەسەر ناخۆشیدا زاڵ بم".

ئێستە محەمەد لە خواردنگەیەکی گەڕەکی باداوە بووەتە وەستایەکی لێهاتووی گەس، لە یەک ڕۆژدا دەتوانێت ئەو تۆپانە ڕابگرێت کە ئاراستەی گۆڵەکەی دەکرێن و لەفەیەکی نایابی گەسیش پێشکەشی کڕیارەکانی بکات، دەڵێت "ئیشەکەم ئاسان نییە، بەس پشتیوانیی خێزان و برادەرەکانم، هێزەکی گەورەم دەداتێ".

ئەو یاریزانە خاوەنی مێژوویەکی درێژە لە یانەکانی کوردستان، لە تیپی لاوانی یانەی وەرزشیی ئاڵاوە دەستی پێ کردووە، دواتر سەرکەوتووە بۆ تیپی یەکەمی یانەکە، پاشان بۆ ماوەی وەرزێک بۆ یانەی هەولێر یاریی کردووە. یانەکانی زانکۆی جیهان، برایەتی، هەندرێن و پیشەسازییش لە تواناکانی ئەم گۆڵپارێزە بەتوانایە بێبەش نەبوون. محەمەد لە بارەی وێستگەکانی یاریکردنی لە یانە جیاوازەکانی خولی کوردستاندا دەڵێت "خۆشترین کاتەکانم لە یانەی هەندرێن بەسەربرد، لەو یانەیە درەوشامەوە". لەگەڵ یانەی هەندرێن دوو وەرز توانیویانە پلەی دووەم لە خولی نایابی کوردستان بەدەست بهێنن.

گۆڵپارێزەکە، ئاماژە بە خراپیی باری دارایی یانەکانی خولی کوردستان دەکات کە ناتوانن بەپێی پێویست پێداویستیی یاریزانەکانیان ئامادە بکەن و دەڵێت "لێرە زۆر زەحمەتە تەنیا بە وەرزش بژیت، وەرزش نەبووەتە پیشە. یاریزان لە یانەکانی خولی کوردستان ناتوانن تەنیا بە وەرزش بژێوی پەیدا بکەن، ناچار دەبێت بەدوای کارێکی دیکەدا بگەڕێن، ئەمەش کاریگەری لەسەر ئاستی یاریزان دروست دەکات". ئەو گۆڵپارێزە ئاماژە بەوەش دەکات کە هەر گۆڵپارێزێک ڕۆژانە پێویستی بەوەیە دوو بۆ سێ کاتژمێر مەشق و ڕاهێنان بکات.

بە پێکەنینیشەوە باسی هەڵوێستی دایک و باوکی دەکات، کە کاتی خۆی چۆن ڕازی کردوون یاری بکات و دەڵێت "داکم هێشتا دەڕێ ئەگەر بتخیندبا، وەزعت باشتر بوو، بەس وەکی لە تەلەڤزیۆنی گەمەکانم دەبینێت، دری خۆش دەبیت، جارەک بابمم دیت لە خۆشییان فرمێسکی لە چاوی هات".

محەمەد کە ئێستە خێزانداره و کوڕێکیشی هەیە، باسی داهاتووی خۆی لە یانەکەی دەکات "بەخۆی عومری گۆڵچی دەڕێتەرە لۆ گەمەکردن، لۆیێ هەتا توانام هەبی بەردەوام دەبم". ئەوەش ناشارێتەوە کە لە داهاتوودا ئەگەر بزانێت کوڕەکەی بەهرەی یاریزانی تێدایە، پشتیوانیی دەکات.

سەڕاجییە شاراوەکەی بن قەڵاتێ

سپێدە حازم

چەندین ساڵە لە ژوورێکی گچکەی دوو بە سێدا کە دیواری بە چایخانەی مەچکۆوەیە، دەنگی مەکینەکی کۆنی ئەڵمانی تێکەڵ بەبۆنی پێستی ئاژەڵ دەبێت.

هەرچەند دوکانەکە لە شوێنێکی زۆر دیاری ناوجەرگەی هەولێرێیە، بەڵام هێند شاراوەیە، ئەگەر کڕیار بەتایبەت بۆی نەچێت کەس ناکەوێتە بەرچاوی.

لەوێ پیاوێک دانیشتووە کە زیاتر لە ٤٠ ساڵە بە پەنجەکانی، چیف و ڕەختی چەک لە پێستی ئاژەڵ دەدوورێت، هەر کێ لەو هەولێرەی دەمانچەکی هەبی، لە پیاوی عەشایەرییەوە بگرە تا دەگاتە کارمەندانی ئاسایش، پۆلیس و زێرەڤانی، هەموویان دەیناسن.

جەیمس یەڵدا ئۆراها کە کلدانییەکی شەقڵاوەیە و لە زووەوە هاتوونەتە عەنکاوە، جێی پەنجەی لەسەر خەباتی پێشمەرگەی کوردستان دیارە، هەر لە خەباتی دژ بەڕژێمی بەعسی هەڵوەشاوەوە بگرە تا دەگاتە شەڕی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش.

چیرۆکی ئەو لەگەڵ پێست و چەکدا لە هەشتایەکانی سەتەی ڕابردووەوە دەستی پێ کرد. ئەودەم مێرمندالێکی ١٢ ساڵ بوو، لە ژووری مێوانانی ماڵەکەیان لە عەنکاوە، لەگەڵ پلکی و خاڵەکانی بە خێزانی دەستیان بەو کارە کردبوو.

جەیمس بەیادەوەرییەکانی ئەو ڕۆژانەدا دەچێتەوە و دەڵێت "لە سەرەتاوە مێردی پلکم فێری ئیشەکەی کردم". پاشان لە ١٩٩٧دا، بەخۆی دوکانی دانا، لەو کاتەوە بە تاقی تەنێ و بەبێ شاگرد هەتا ئێستە لەسەر ئەو پیشەیەی بەردەوامە.

یەکێک لە پارادۆکسە سەیرەکانی ژیانی جەیمس ئەوەیە کە خۆی چەکی نییە و حەزیش ناکات چەک هەڵبگرێت، بەڵام ناو، قەبارە، درێژی و پانیی هەموو چەکەکانی جیهانی لەبەرە. پاساویش هەڵگرتنی چەک دەهێنێتەوە و دەڵێت «خەرکی خۆمان هەمیشە بەناچاری پێویستیان بەوە بووە چەک هەڵگرن، ئەمە دوژمنمان زۆرە".

هەر پەیوەند بە دوژمنەوە، جەیمس لاپەڕەکانی مێژووی خێزانەکەیان هەڵدەداتەوە، باسی ئەو ڕۆژە دەکات کە بۆ یەکەم جار بیریان لێ کردەوە سەڕاجی بکەن بە پیشەی خۆیان، ئەو ڕۆژە جاشێکی زەمانی بەعس سەردانی دوکانی مێردی پلکەکەی کردووە کە پینەدۆز بوو، تا ڕەختە دڕاوەکەی بۆ بدوورێتەوە.

لەو ڕۆژەوە دوکانەکەیان بووە شانۆیەکی شاراوە، بە ڕۆژ جاشەکان سەردانیان دەکردن بۆ چاککردنەوەی کەلوپەلەکانیان، لە تاریکاییی شەویشدا بە نهێنی پێشمەرگە دەچوون و بە دەرزەن ڕەختە و کیفی دەمانچەیان لەوێندەرێوە دەبردە شاخ.

جەیمس ئێستە بەسەربەرزییەوە باس لەوە دەکات چۆن لە پشت مەکینەی دوورمانەکەیەوە بەشداریی لە شەڕی داعشدا کردووە، ڕەختە و چیفی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە و هاوپەیمانان دووریوە، دواجار سوپاسنامەیەکی لەلایەن هێزەکانی ئەڵمانیاوە لە ڕیزی هاوپەیمانان پێ بەخشراوە و ئێستە لە پێشەوەی دوکانەکەی هەڵیواسیوە.

کارەکەی جەیمس هونەرێکی ئاڵۆزە. بەهۆی هەڵنەکەوتنی جوگرافیای کوردستان لەسەر دەریا و ڕووبارەکان، پیشەی سەڕاجی لە هەولێرێ زۆر باو نەبووە و تا ئێستەش سەڕاجەکان بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، چونکە ئامادەکردنی پێست پێویستی بەئاوێکی زۆر هەیە.

ئەو پێستانەی جەیمس بەکاریان دەهێنێت هی گامێش، چێڵ، مەڕ و بزن، تەنانەت پێستی مار و تیمساحیش بەکار دەهێنێت کە لە سووریا و میسرەوە دەهێنرێن، یان ئەو پێستانەی عێراق کە لای ڕووباری دیجلە و فورات بەرهەم دێن. بۆ چارەسەرکردنیشیان، تەنیا ڕووەکی (مازی) شاخەکانی کوردستان بەکار دەهێنێت بۆ نەهێشتنی بۆنی پێستەکە و چەسپکردنی بۆیەکەی.

جەیمس لەناو دوکانەکەیدا، مەقەسێکی ئەنتیکەی ساڵانی پەنجاکان پیشان دەدات و دەڵێت «لە کۆیێ لە کەسەکم کڕییەوە، حەزم لێیە بەس بەو مەقەسە و مەکینە کەونەکەم ئیش بکەم"، هەر بەم هۆیەوەیە کە دوکانەکەشی بە سادەیی جاران هێشتووەتەوە.

بەو هەموو ئەزموونەی هەیەتی، ئێستە دەتوانێت بە یەک کاتژمێر چیفێکی دەمانچە تەواو بکات، یان لە ڕۆژێکدا دوو تاخمی تەواو بە قایش و شەیالەوە بدوورێت. هەر لە گەرمەی گفتوگۆکەدا، دوو پۆلیسی ناو بازاڕ خۆیان دەکەن بەژووردا بۆ دوورینەوەی تاخمی چەکەکانیان.

کڕیارەکانی جەیمس تەنیا سەرباز و پۆلیس نین، ئەو کۆمەڵێک قایشی پیاوانیشی لە دوکانەکەیدا هەڵواسیوە کە بۆ کونسوڵی وڵاتانی ئەوروپی دروستی کردوون، زۆر سەرسامی کارەکانی بوون. حاجییەکانیش داوای لێ دەکەن قایشی تایبەتیان بە گیرفانەوە بۆ بدوورێت تاوەکو پاسپۆرت و کلیلی تێدا هەڵگرن لە کاتی تەوافکردندا. بە کورتی، وەک خۆی دەڵێت "هەر چ پەیوەندیی بە جڵدەوە هەیە، ئیشی خۆمە".

کاتێک باس لە داهاتووی پیشەکەشی دەکرێت، سۆز و تاسەیەکی قوڵ بەدەنگی جەیمسەوە دیارە و دەڵێت «نامەوێ ئیشی دیکە بکەم، ئەوە لەگەڵ خینم تێکەڵ بووە"، لە هەمان کاتدا نیگەرانە، چونکە لە خێزانەکەیاندا تەنیا خۆی ماوەتەوە و هیچ یەک لە منداڵەکانی فێری ئەو پیشەیە نەبوون. باوەڕیشی وایە کڕیارەکانی تایبەتن و دەشڵێت «هەموو کەس نازانی تەعامول لەگەڵ عەشایەر و کەسی پایەدار بکات". لە بارەی نەوەی نوێشەوە کە ئیشی دیکەیان پێ پەسندترە، دەڵێت «کوڕەکانم هەموو خەریجی کولیەن و زەحمەتە ئەو ئیشەیان پێ بکرێ".

ئینجا قسە دێتە سەر بازاڕی ئەمڕۆ، کە پڕ بووە لە کاڵای چینی و بەرهەمهێنانی بەکۆمەڵ لە جانتا و قایشەوە بگرە تا دەگاتە شمەکی سەربازیی دوو سێ هەزاری، هەمووی کاری کردووەتە سەر خواست لەسەر بەرهەمی دەستکرد و وای کردووە پیشەوەرانی ئەم بواره بەرەو کەمبوونەوە بچن. بەڵام ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر هەیە، وەک ئەو دەڵێت، کوالێتیی شمەکی پێستی دەستکرد هەرگیز بەراورد ناکرێت بە کاڵا هەرزانەکان، بەتایبەتی لە کاتی شەڕدا کە پچڕانی تاخمی ڕەختە و چیفی چەکی سەربازێک دەبێتە کارەساتێکی گەورە. هەر بۆیەش مانەوەی پیشەکەی جەیمس بە زیندوویی، تەنیا مانەوەی پیشەیەک نییە، بەڵکو بەشێکی گرینگە لە ئێستە و داهاتووی ئەمن و ئەمانی کوردستان.



جەیمس یەڵدا لە کاتی کارکردن لە دوکانەکەیدا. وێنە: سپێدە حازم

مەنتەکان

پەرێزێکیان کرد بە گەڕەک

حوسێن عەبدوڵڕەحمان

هەوڵێر پڕە لە گەڕەکی دێرین کە مێژوویان تێکەڵی چیرۆکەکانی خۆڕاگری، دەربەدەری، ئازار، هیوا و ماندووبوونی خەڵک بووە، مەنتکاوە لە ڕیزی پێشەوەی ئەو گەڕەکانەیە.

وەستا زاهیر سالّح، تەمەنی هەشتا ساڵە، لە ١٩٧٢وە مۆڵەتی پیشەی وەستای دروستکردنی خانووی لە شارەوانیی هەولێر وەرگرتووە، یادەوەرییەکانی لەگەڵ دروستبوونی مەنتکاوەدا بۆ (گڵکەند) دەگێڕێتەوە و لە باسی سەرەتای هاتنی خۆیان و ڕاگواستنی گوندەکانی دەوروبەری هەولێرێوە دەڵێت "ساری شێستوپێنج بوو، بە ناچاری لە گوندی ڕوکەی لای دێدەوانێڕا هاتینە هەولێرێ. چونکە حکومەتی عێراق لە ڕێی حەرەس قەومی گوندەکانی مەی سووتاند، مەنتکەکان هەموو ڕوومان لێرە کرد".

شوێنی گەڕەکی مەنتکاوەی ئێستە لە ساڵی ١٩٦٥ پەرێز بووە و ئاوەدانییەکی وەهای لێ نەبووە، وەستا زاهیر دەڵێ "ئەو مەنتیقەیە قل قلە خانیی لێ بوو، دەنا هەمووی پەرێز بوو، حەردەکانیش ئی ڕەشاد موفتی و حاکم سابیری بوون، بە پارە دەیانفرۆشتەوە خەرکی. ئەحمەد ئۆمەر هەبوو مەنتک بوو، چاوساغی مە بوو لە هەولێرێ، هەر کێ بهاتبایە کنی، حەردەکی لۆ لەو جێیەی دەکڕی کە هەوکە بوویتە مەنتکاوە. بیدایەت هیچ ناوەکی نەبوو، وردە وردە مەنتک ڕووبان تێ کرد و بووە مەنتکاوە".

ئەودەم نرخی زەوی زۆر هەرزان بووە، خانووش لە قوڕ دروست دەکرا، هێشتا خزمەتگوزارییەکان نەگەیشتبووە ئەو گەڕەکە نوێیە و نەبوونی ئاو کێشەی سەرەکییان بووە، وەستا مەنتکەکە دڕێژە بە گێڕانەوە دەدات و دەڵێت "دووسەت مەتر حەردمان کڕی، مەتری بە دوو درهەمی بوو کە دەیکردە بیست دینارەک. خانییەکان هاکەزایی بوون، غورفەک یان دوو غورفە. ئاوی لێ نەبوو، لۆیێ ئاومان لە نووڕەدین و عەزەدین باداوەیی دەکڕی، ئەو سەردەمی ئاویان بە وراخی دەگێڕا. خانی دروستکردن مانگەکی دەویست هەتا خۆڕت هەردەقەناند، ئاوت لۆ دەهات، خشتت دەبڕی و هیشک دەبووەوە، وەستایەکت بەچنگ دەکەت".

ڕۆژانەی وەستای دروستکردنی خانوو ڕوبعە دینارێک بوو، کرێکاریش بە چوار درهەم بوو، بە دوو ڕۆژان دارەڕێ دەکرا و خانوو تەواو دەبوو، پاشان سەری سواق دەدرا، خزم و دراوسێش هەرەوەزییان لەگەڵ دەکرد. وەستا زاهیر باسی خانووی کەڕپووچیش دەکات کە لەو سەردەمە هەندێک کەس بەکاریان دەهێنا و دەڵێ "لە ڕیزی مارێ مە، ماری حەسەن مەڕەش هەبوو، خانیی بە کەڕپووچی دروست کرد، خەرک دەیانگۆ بابە حەسەن قەسری دروست کردییە!".

هەروەها پەردە لەسەر بەسەرهاتێکی تەنزئامێز و سەرنجڕاکێشی ئەو سەردەم لادەدات کە بووەتە هۆی دانانی پاسەوانی شەوانە لە گەڕەکەکە و دەڵێت "ساری ١٩٦٦ لۆ ١٩٦٧ مەلایەکمان هەبوو ماری لە مەنتکاوەی بوو، لە گوندێ مەلایەتیی دەکرد. ئەو ڕۆژەی سەرفترە و زەکاتی وەرگرتبوو، شەوێ ڕەوە دز چوونە سەری، پارە و مارەیان لە مەلای ستاند. پاشان بەسەر ١٢ ماری دیکەشیان دادابوو. یەک هەبوو گۆتی پارەم نییە، گۆتبوویان کەیفی خۆتە، بەو شەوەی قەردیان پێ کردبوو، ئەوجە ڕۆیشتبوون! پاش ئەو مەوزووعەی مەنتکاوە حەرەسیاتی دانا، هەر شەوی دوو کەس هەتا سبەینێ دەبوونە حەرەس".

نەخشەی جوگرافیی ئەو دەمی هەولێرێ تەواو جیاواز و چۆڵ بووە، وەستا زاهیر لەناو بیرەوەرییەکانیدا باس لەوە دەکات "لە ئەترافی مە هیچ گەڕەکەک نەبوو، ئەوەی هەبوو بەس مزگەفتی زێڕینگری بوو لە ئیسکان دروست دەکرا، لێرەڕا دیار بوو، باداوانیش گوند بوو لەمە دوور بوو، ئەگەرنا ئاوەدانیی لێ نەبوو، قەرات لەو گۆڕەی دیار بوو، شار بەس لە دەوری قەراتێ بوو. سەیارە دەگمەن بوو، مەیدانی عەمەلان لە بن قەراتێ بوو، ئەمە بە پێیان دەچووین و دەهاتینەوە، لە ڕێیێ تووشی ترومبێلەکی نەدەبووین. قل قلە سەیارەی دەشتێ هەبوو، پاشان ئامانە پەیدا بوو لە کن مەلعەبی لۆ بازاڕی دەڕۆیشت".

وەستا زاهیر لە بارەی سنووری گەڕەکی مەنتکاوە و قۆناغە یەک لە دوای یەکەکانی دەستکاریکردنی خانووەکان باس دەکات "تخوبی مەنتکاوەی لە بەینی چار جادانە، لە باکورڕا جادەی چل مەتریە، لە باشووری جادەی سەتییە، لە ڕۆژهەراتی جادەی مەلا عوزێریە و لە ڕۆژئاواش جادەی کەرکووکێیە". لە باسی دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی مەنتکاوەشەوە دەڵێت "بیدایەت مزگەفتەک لێرە بە قوڕێ دروست کرا بەناوی مەلا تەڵعەی، پاشان یەکەم مەکتەب لە ساڵی ١٩٧٠ پاش ڕێکەوتنی ١١ی ئادار دروست کرا، هەر بە ناوی ١١ی ئاداری کرا. دواێ لە ١٩٧٩ مزگەفتی ئەحمەد حەسەن بەکر دروست کرا، کە ئێستە پێی دەڕێن ڕەشاد موفتی. هەر لەو سارەی ئاویشمان لۆ ڕاکێشرا لە سەری کۆرانێ دانرا، لە هەشتاکانیش کۆرانەکان سەب کران، مقاولەکەی ناوی وەستا یاسین بوو. لە گەڕەکێ هیچ بازاڕ و شت نەبوو، ئەگەر شتەکی زۆر زەڕوورت بویستبا، دەچوویە بازاڕی گەورە".

شێوەی خانووەکانی مەنتکاوە لە ماوەی ٦٠ ساڵی ڕابردوودا، چەند قۆناغێکی جیاوازی بڕیوە، وەستا زاهیر دەڵێت "گەڕەکی مە دووسێ جار تێکدرایە. لە بیدایەتی کە بە قوڕێ کردمان، لە هەشتاکان عەقاری درا خەرک خانیی خۆی تێک دا و خانیی مەکشوف بووە مۆدیل بە کەڕپووچی دروستمان کردەوە، لە پاش ئینتیفازەش خەرک شۆفڵی لێ دا و بە بلۆکی دروستمان کردەوە، قل قلە بوونە خانیی موقەپەت، دواێش ئەو دەستوورە نوێیانە پەیدا بوون و کردمانە ئەو خانیانەی ئێستە هەنە".



خانووێکی کۆنی مەنتکێک. وێنە: ڕێبەند سەعدوڵا

قازی، حەمەدیش شەعبە



گڵکەند

بابم گێڕایەوە و گوتی لە ساڵی ١٩٦٠ لە کاتی ئەنجامدانی کاری پۆژانەی مەحکەمەی شەرعیەی هەولێر، چەند پیاوێک هاتنە ژووری. دوای سەلامکردن گوتیان: قازی ئەفەندی، حەمەد دەعوایەکی لە مەحکەمەی جەنابت هەیە، لۆ ڕات گرتییە و ئیشەکەی ناڕوێنی، خۆ حەمەدیش شەعبە! ئەمنیش بە کاتبی مەحکەمەم گوت "بڕۆ بزانە دەعوای ئەو پیاوە چییە!".

پاش دەمەک کاتبەکە هاتەوە و گوتی "وەڵڵا ئەفەندی ئەو حەمەدە دەعوایەکی هەبوو ڕەت کرایەوە و دۆڕاندیتی، جەماعەت گوتیان؛ بەڵام حەمەد لەسەر حەقە"، کە تەماشای ئەو خەڵکەم کرد، زانیم تێگەیاندنی ئەوانە هەندەک زەحمەتە، دەبی زۆر بەعاقڵانە قسەیان لەگەڵ بکەم. بەهەرحاڵ فایلەکەم خوێندەوە و پێم گوتن "جەماعەت لە دەرەوە چاوەڕێ بن هەتا سەعاتەکی قسە لەگەڵ وەزیری عەدل دەکەم لە بەغدایێ، ئەویش لەگەڵ زەعیم عەبدولکەریم قسە بکات، بزانم ئەمر بە چی دەکات" بێ گومان قسەم نەکرد لەگەڵ وەزیری داد، چونکە هەندێک جار مەوقیف، قسەی ئاوهای دەوێت.

پاش سەعاتەک هاتنەوە، پێم گوتن "لەگەڵ وەزیری عەدلی بەغدا قسەم کرد، لۆ ئەو مەوزووعەی حەمەدی". ئەویش قسەی لەگەڵ جەنابی زەعیم عەبدولکەریم قاسمی کردبوو، زەعیمیش گوتبووی "بەو جەماعەتەی حەمەدی بڵێن سەلامتان لێ دەکات". هەر هەموویان گوتیان وەعەلەیکومەسەلام وەڕەحمەتوڵڵاهی وەبەرەکاتوهوو. زەعیم دەڵێت "ئەمن بە هیچ شێوەیەک قبوڵ ناکەم مخالەفەی یاسا بکرێ، بە حەمەدی بڵێن قازی هەولێرێ لەسەر حەقە، دەبی حەمەدیش ملکەچی قانوون و یاسا بیت، خۆ زەمانی پاشایەتی نەماوە، ئێستە زەمانی جمهوریەتییە".

جەماعەتەکەی لەگەڵ حەمەدی هاتبوون، زۆر بە شەرمەزارییەوە گوتیان "قازی ئەفەندی، ئێمە ملکەچی یاساین، نەمانزانی ئەو قەزیەیە ئەوهایە". ڕووشیان لە حەمەدی کرد و پێیان گوت "دەک داوەشێی حەمەد، ئەمەت ئەوها شەرمەزاری قازی ئەفەندی و وەزیر و زەعیمیش کرد". هەر ئەوەندە مابوو چینەکیش لە حەمەدی بدەن، بە مەمنوونی ڕۆیشتن.

ئەو ڕووداوە بابم لۆ هەندەک حاکمی برادەری دەگێڕێتەوە، پێی دەگوتن "کلم الناس بقدر عقولهم"، واتا بەگوێرەی عەقڵیان قسە لەگەڵ خەڵکان بکە، چونکە لەوانەیە وەزعەکە تێک بدەن و فەوزا دروست بکەن، دەبێ خۆت لە پەلاماردانی بەرامبەرەکەت بپارێزی، چونکە لەوانەیە هەندێک جار عەقڵ و ئیدارە لە پێش یاسا بێت.

سەرچاوە: کتێبی (سەربردەی ژیانم، ئەوەی دیتیتم و بیستیتم)ی کەنعان ڕەشاد موفتی، کە ئەمساڵ (٢٠٢٦) بڵاو کراوەتەوە.

بانقۆفی پیرەباو و گۆشتی حەرامی بزنە کێوی

محەمەد هەسنانی

سەرباری ئەوەی زۆر جاران بەهۆی زستانی سارد و سەخت برسیەتی تەنگی پێ هەڵچنیون، بنەماڵەیەکی گوندی گرتکی دۆڵی ڕوستێ، بەدرێژاییی پێنج سەتەی ڕابردوو پابەندی سوێندی باپیرەیان بوون بە لەخۆ حەرامکردنی گۆشتی بزنە کێوی.

بەم هۆیەوە، سەتان ساڵە بزنە کێوی لە ترۆپکی شاخەکانی ئەو سنوورەوە بێ ترس دێنە خوارێ و لە گوندنشینان نزیک دەبنەوە دەڵێی دەزانن لەم دۆڵەدا پەیمانێکی نیو هەزار ساڵی هەیە، کە خوێنی ئەوانی پاراستووە.

بنەماڵەی ناسراوی پیرەباو، نەوە لە دوای نەوە، خەسڵەتێکی دەگمەنیان هەڵگرتووە بە قەدەغەکردنی کوشتن و خواردنی گۆشتی بزنی کێوی، شەفیقی حاجی خدر نووسەرێکی دەڤەرەکەیە و نەوەیەکی بنەماڵەکەشە، لاپەڕەکانی ئەو مێژووە هەڵدەداتەوە و بۆ (گڵکەند) دەگێڕێتەوە "ئەمن چەند لێکۆڵینەوەیەکم لەسەر بنەماڵەکەی خۆمان کردییە. باپیرە گەورەمان فەقێ محەمەد کە بە (پیرەباو) و لەلای گوندەکانی هەولێرێش بە (پیرەباب) ناسرایە، پیاوەکی دینداری گرتک و شیلانی دۆڵی ڕوستێ بووە. لە هاوەڵەکانی شێخی باڵەکان بووە و مێژووەکەی لۆ پێنج سەت ساڕەک، بگرە زیاتریش دەچیتەوە، بە پشتاوپشتیش کە حیسابی لۆ دەکەین یازدە پشت دەڕوات".

چیرۆکی حەرامکردنی گۆشتی بزنە کێوی لە زستانێکی سامناکەوە دەست پێ دەکات کە بەفرێکی قورس ناوچەکە دادەپۆشێت. شەفیق باسی ئەو ڕووداوە دەکات کە باوباپیرانی بۆیان گێڕاوەتەوە "زستانەکی زۆر سارد دەبی و بەفرەکی قورس دەباری. ئەو وەختی پیرەباو لە هاوینەهەواری گوندی ناوڕۆین دەبی کە فرسەخەک لە گرتکێ دوورە. چەند ڕۆژەکی پێ دەچی و کەس هەواڵی نازانی. کەسوکاری دەترسن لە سەرمایێ ڕەق بووبیتەوە یان دەعبا خواردبیتی. لۆیێ چەند کەسەکی ئازا لە کۆڕ و نەوەکانی، کوتەکی بەفرێ دەشکێنن و بەدویدا دەچن".

کاتێک تیمە ڕزگارکەرەکە بەناو سەختیی بەفرەکەدا دەگەنە شوێنەکە دەبینن پیرەباو ساغ و سەلامەتە، بەڵام ئەوانەی ڕێی دوورییان بڕی بوو لە برساندا هێزیان لێ بڕا بوو، پیرەباویش هیچی شک نەبردووە بیانداتێ بۆ ئەوەی بیخۆن. شەفیق لە درێژەی گێڕانەوەکەیدا دەڵێت "لە ناکاوەک، بزنە کێوییەک لە بەندەنەکە دێتە خوارێ و خۆی دەگەیەنیتە بن کۆڵیتەکەی پیرەباوی. ئەویش وای لێک دەداتەوە کە ئەو ئاژەڵە هاتییە ببیتە قوربانی لۆ وەی دەرخواردی منداڕەکانی بدات، بەس ئەو هێندە میهرەبان بووە دڵی نایێت و ژیانی ئاژەڵە کێوییەکە دەپارێزی. وەکی وەها دەبینی دەرێ، وەسیەت بی لە ئەنگۆ و نەوەکانم، نابێ هیچ کەستان توخنی ئەو ئاژەڵە بەستەزمانە بکەوی، نە بیکوژن و نە گۆشتەکەشی بخۆن. هەر کەسەکیش بەگوێم نەکا، خێر لە خۆی نەبینی".

ئەو وەسیەتەی فەقێ محەمەد تەنیا ڕاسپاردەیەکی کاتی نەبوو، بەڵکو بوو بەیاسایەکی نەنووسراوی ژینگەپارێزی کە بۆ زیاتر لە نیو هەزارە، تەواوی نەوەکانی پەیڕەوی لێ دەکەن. ئەم بەزەییە وای کردووە لەو ناوچەیەدا، بزنی کێوی بەشێوەیەکی بەرچاو زۆر ببێت و ئەو ترسە غەریزەییەی لە مرۆڤ هەیانبوو بڕەوێتەوە و بە ئازادی لە گوندەکان نزیک ببنەوە.

ئەمڕۆ نەوەکانی پیرەباو لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان بڵاو بوونەتەوە، زێد و مەزارەکەی پیرەباویش لە گۆڕستانی نێوان هەردوو گوندی گرتک و ڕوست، بە ناوی خۆیەوە ماوەتەوە. بەڵام میراتەکەی تەنیا لە پاراستنی ئاژەڵدا کورت نەبووەتەوە بەڵکو سیستمێکی دادپەروەریی کۆمەڵایەتیشی لە دوای خۆی جێ هێشتووە.

شەفیق دەڵێت "مووڵک و ماڵەکەی پیرەباو هەتا ئەلعانیش بە وەقف مایتەوە، کە لای ئێمە پێی دەڕێن (بانقۆف). ئیدی هەموو پیرەباوەییەکان، ئەو کوڕانەی دەگەنە تەمەنی باڵقبوون، پشکیان لەو مووڵکە هەیە و کەسیش لۆی نییە بیفرۆشی".



مەزاری پیرەباو لە گۆڕستانی نێوان گوندی گرتک و ڕوست





قەڵەندەری کتێب

نازم دڵبەند

هەوڵێر کە پڕە لە چیرۆکی سەرنجڕاکێشی ئەدەبیانە، جگە لە کتێبخانە گشتییەکان؛ ژمارەیەک کتێبخانەی گەورە و ناوداریشی لێیە، کە هی کەسایەتیی تایبەتەکانی شارەکەن، یەکێکیان هی نووسەر و ڕۆژنامەنووس مومتاز حەیدەرییە، کە لەناو ماڵەکەیدا جێی کردووەتەوە و بووەتە ناوەندێکی مەعریفی و ئەرشیفسازیی بێوێنە.

ئەو کەسایەتییە، ٦٨ ساڵە بێ دابڕان کتێب و ئەرشیف کۆ دەکاتەوە، ئێستە کتێبخانەکەی زیاتر لە ٢٥ هەزار کتێب و گۆڤار، ڕۆژنامەی کوردی و عەرەبیی لەخۆ گرتووە. بە یەکەمین کوانووی کتێب لە هەوڵێر دادەندرێت.

مومتاز حەیدەری باسی قۆناغەکانی ژیانی بۆ (گڵکەند) دەگێڕێتەوە و دەڵێت "سەرەتای مندااڵیم، کە لە خانەوادەیەکی زانستی و ئاینیی ئیسلامی بەناوبانگ بووم، سەرەڕای ئەوەی برایەکانم لە سەرەتای چلەکانەوە لەگەڵ کتێب و ڕۆژنامەدا دەژیان، من نەمدەزانی کتێب چییە! تەنیا ئەو کتێبانەم دەناسی کە لە قوتابخانە دەمانخوێندن".

چیرۆکی ئاشنابوونی ئەو بە دونیای دەرەوەی پەرتووکەکانی قوتابخانە، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٤٩، کاتێک برایەکانی حوکم دران و خێزانەکەیان ناچار بوون بچنە گوندی بێریات و لە خوێندن دابببڕێن، ساڵح حەیدەریی برای کە لە ساڵی ١٩٥٠ ئازاد کرا، بیری لەوە کردەوە کتێبخانەیەکی بچووک لە ماڵەوە دروست بکەن. مومتاز بە ئاگاییەوە ئەو یادەوەرییە دەگێڕێتەوە "هاتە شاری هەولێرێ، لە کتێبخانەی شێخ محەمەد کە بە شێخەشەلە ناسرا بوو، چەند ژمارەکی لە گۆڤاری گەلاوێژ هێنا لەگەڵ چەند نامیلکەک بە زمانی عەرەبی. لەوساوە کاک ساڵح بڕیاری دا فێری خوێندن و نووسینی کوردیمان بکات. وردە وردە دەستم بەخوێندنەوە کرد لە گۆڤاری گەلاوێژ، هەستم کرد خۆشییەکی تایبەتم پێ دەبەخشی".

ئەم قۆناغەی ژیانی لە دەشتێ، کە دوور بوو لە شار و شارستانیەت، خوێندنەوە بوو بەپڕکەرەوەی بۆشاییەکانی ژیانی مندااڵی، بە بزەیەکەوە دەڵێت "وەختەک دەمویست شیعر دابنێم، دووسێ بەیتە شیعرم دانا، زۆر سادە بوون، بەاڵم جووتیارەکان گاڵتەیان پێ دەکردم، لۆیێ وازم لە شیعر هێنا!".

لە ١٩٥٥، لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی عەبدولناسر و گەشەکردنی بزووتنەوە نیشتمانییەکان لە عێراق، مومتاز حەیدەری دەست بە کرپینی گۆڤارەکان دەکات و پارەی گیرفانی بۆ ئەو بواره تەرخان دەبێت و دەگێڕێتەوە "شەهید ئەحمەد مەحمود حەاڵق کە ئەو کات بەرپرسی هەولێری حزبی شیوعیی عێراق بوو، ژمارەیەکی گۆڤاری هیوای بۆ هێنام و گوتی بیخوێنەوە، لە پشتیان نووسرا بوو ئابوونەی ساڵانەی ٧٥٠ فلسە". مومتاز دەڵێت پارەی کۆ کردەوە و ناردی بۆ بەغدا، تا بۆ ماوەی دوو ساڵ گۆڤارەکەی بە پۆستە بۆ بێت و هەموو جارێ پۆستەچی گۆڤارەکانی بۆی دەبردە قوتابخانەی موزەفەرییە.

بە خۆشحاڵیشەوە باسی کرپینی یەکەم کتێبی دەکات "فڕی فڕی، قەل فڕیی مەاڵی گەورە، یەکەم کتێب بوو بە ٢٥ فلسم کڕی، بەخۆم پۆژانەی مەکتەبێم ١٠ فلس بوو، کۆم دەکردەوە و کتێبم پێ دەکڕی، ئیدی لەو وەختیەوە هەتا ئێستە خووم بە خوێندنەوە گرتووە و سەرم لەسەر کتێب هەڵنەگرتووە".

لە گێڕانەوەکانیدا، مومتاز حەیدەری باس لەو دەاڵقەیەی خانووە کۆنەکەیان دەکات کە لە ساڵی ١٩٥٦دا کردی بە یەکەم کتێبخانەی تایبەتی خۆی. باسیش لە ڕزگارکردنی کۆمەڵێک کتێبی بە نرخ دەکات لە فەردەیەکدا کە دوای تێکچوونی کتێبخانەکەی (شێخەشەل)، لای دوکاندارێک بەجێ هێڵدرا بوو، ئەو بە حەمباڵێک هێنابووی ماڵەوە، کە یەکێک لە کتێبەکان ساڵی ١٨٦٩ لە مووسڵ چاپ کرا بوو.

بۆ ئەو کەسایەتییە، کتێب کرپن هەندێک جار بارگرانییەکی گەورەی داراییی هەبووە. باس لە گرانترین ئەو کتێبانە دەکات کە کڕیونی "فەرهەنگێکی گەورەی سیاسی و مێژوویی بە ١٢٠٠ دیناری سویسری کڕی. (مەحکەمەی گەل) ٢٢ بەرگ بوو بە ئۆتۆمۆبێلی نەتەوە یەکگرتووەکان گەیشتە دەستم و بە ١٥٠٠ دیناری سویسریم کڕی. دائیرەتولمەعاریفی ئیسلامیش لە هەشتاکاندا بە قاچاخ لە ئێرانەوە بە ٣٠٠٠ دیناری سویسری گەیشتە دەستم".

پاراستنی ئەو ئەرشیفە لە وڵاتێکی پڕ ئاژاوەدا، ئاسان نییە. لە کۆتاییی ١٩٦١، بەهۆی تێکچوونی دۆخی سیاسی، جەمشیدی برای مومتاز، کە ئەو کات فەرمانبەر بوو لە فەرمانگەی دارستانی هەولێر، بەرمیلێک دێنێت و کتێبەکانی دەخاتە ناو و لەحیمی دەکات، لەناو فەرمانگەکەی دەیشارێتەوە، بەاڵم دوای ١١ی ئادار کە گەڕانەوە، بینی بەرمیلەکە لەبەر شێ ڕزیوە و کتێبەکانی ناوی فەوتاون. لە ساڵی ١٩٦١یشدا، کاتێک بەدرەدین عەلی موتەسەڕیفی هەولێر دەریان کردن، کتێبەکانی بە نهێنی گواستەوە بەغدا، ساڵی ١٩٦٩ش لە ترسی پشکنینی بەعسییەکان، بەختیاری برازای هەموو کتێبەکانی سانسۆر دەکات، ڕەسمەکانی عەبدولکەریم قاسم و بارزانی لەناو کتێبەکان دەدڕێنێت، لە کۆتاییشدا کتێبەکان نابردرێن و دەمێننەوە.

هەر لە ١٩٦٩دا، کاتێک مومتاز حەیدەری دەستگیر کرا و برایە قەسری نیهایە، بەعسییەکان ویستیان کتێبەکانی ببەن، بەاڵم ئەو بە بوێرییەوە بە ئەفسەرەکەی گوتبوو "هاتوون من بگرن یان کتێبەکانم؟" بەم جۆرە دوای ١١ی ئاداری ١٩٧٠ توانیبووی نزیکەی ٢٥٠ کتێب بهێنێتەوە هەولێر.

کاتێک لێی دەپرسی کامە کتێب لای ئەو زۆرترین بەهای هەیە، مومتاز حەیدەری بە سۆزەوە دەڵێت "هەموو کتێبەکان لای من خۆشەویستن، بەاڵم ئەوانەی بیرەوەری و یادگاریی گەنجێتیمن، وەک گۆڤاری هیوا، شەفەق، چیرۆکەکانی چای شیرینی حسێن عارف و ئەوانەی زوو شتیان لێ فێر بووم، لە هەموویان خۆشەویستترن، چونکە ئەوانە قوتابخانەی من بوون". مومتاز حەیدەری بەم شێوەیە، نەک تەنیا کتێبخانەیەکی بۆ شارەکەی دروست کردووە، بەڵکو خۆی بووەتە کتێبێکی زیندووی مێژووی خوێندنەوە لە هەولێرێ.



مومتاز حەیدەری لە کاتی کارکردن لە کتێبخانەکەیدا

لە سویدەوە ڕەگەزنامەی عێراقییان لێ دەستێندرێتەوە

حوسێن مستەفا

دەزگەی ئەمنیی ڕژێمی بەعسی هەڵوەشاوە لە پارێزگەی سلێمانی، بەبڕیارێک ڕەگەزنامەی عێراقیی لە چوار کوردی ئەندامی حزبی شیوعی دەستێنێتەوە و تۆمەتباریان دەکات بە بەکرێگیراو، دوای ئەوەی پەنایان بۆ ئێران بردووە و لەوێشەوە ڕوویان لە سوید کردووە.

لە بەڵگەنامەیەکی نهێنیدا کە نووسراوێکە لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی م/٢٨ بە ژمارە (٥٤١٠) لە ١٩٨٤/١/٢٤ دەرچووە، بڕیار دراوە چوار کورد کە ئەندامی حزبی شیوعی بوونە و لە عێراقەوە ڕایان کردووە بۆ ئێران بە بەکرێگیراو و تێکدەر ناویان هاتووە، دواتر ئەو کوردانە پەنایان بردووەتە بەر وڵاتی سوید.


ئەو چوار کەسەی ناویان لە بەڵگەنامە نهێنییەکەدا هاتووە، ئەمانەن:

١. حازم عەبدولکەریم قاسم مەحموود کە بە حازم کورده ناسراوە، دانیشتووی پارێزگەی هەولێر.

٢. سەلام عەبدولکەریم قاسم مەحموود کە بە سەلام کورده ناسراوە، دانیشتووی پارێزگەی هەولێر.

٣. مومتاز حەسەن محەمەد مەحموود، دانیشتووی گەڕەکی تەیراوەی پارێزگەی هەولێر.

٤. تۆفیق حەسەن عەلی شێروانی، دانیشتووی قەزای مێرگەسۆر.



وەرگرتنەوەی ماتۆڕەکە

د. سنوور سەباح

دانیشتوویەکی هەولێر کە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەست بەسەر ماتۆڕسیکلەکەیدا گیرا بوو، بەهۆی ئەوەی بۆ هاوکاریکردنی پێشمەرگە بەکاری هێنا بوو، بەبڕیارێکی فەرمی وەری دەگرێتەوە.

بەپێی نووسراوێکی موتەسەڕیفیەی لیوای هەولێر، دوای ئەوەی شەبیب خدر بەهۆی هاوکاریکردنی پێشمەرگە دەستگیر کرا بوو و بەلێبووردنی گشتی ئازاد کراوە. دواتر ماتۆڕسیکلە دەستبەسەرداگیراوەکەشی وەردەگرێتەوە.

ڕۆژی ١٩٦٤/٥/٢٨ ئەنوەر مستەفا عاسمی بریکاری موتەسەڕیفی هەولێر نووسراوێکی بۆ حاکمی گشتیی سەربازی ناردووە و تێیدا بە ئاماژەکردن بەوەی شەبیب خدر بەلێبووردنی گشتی ئازاد کراوە، داوای کردووە ماتۆڕسیکلەکەشی کە تابلۆی ژمارە (٣٩)ی لەسەرە، بگەڕێندرێتەوە.



قشڵەی سواری
سوپای عوسمانی

عەبدولباقی حەیدەری

یەکێک لە شوێنە مێژوویی و باڵەخانە سەربازییە ناسراوەکانی هەولێر، قشڵەی سواریيە، کە لەلایەن سوپای عوسمانییەوە لە سەتەی نۆزدەدا بنیات نرا.

قشڵەی سواری وەک بنکەیەک بۆ سوپای سواڕەی دەوڵەتی عوسمانی، لە شارە گەورەکان وەک بەشێک لە سیاسەتە سەربازییەکەی ئەو دەوڵەتە، بنیات دەنرا و دەبووە جێی مانەوەی سوپای سواڕە و چەک و تفاقە سەربازییەکان. ئەرکی ئەو سەربازە سواریيانە، پاراستنی بنکە و بارەگە ئیداریيەکان و ئاسایش و سەقامگیریی شارەکان بوو.

قشڵەی سواری لە هەولێر، لە لای ڕۆژئاوای قەڵات لە گەڕەکی عارەبان، بنیات نرا.

هەڵبژاردنی شوێنەکە، بەشێوەیەکی ورد و دوای توێژینەوەی سەربازی و نەخشەی ئاوەدانی، لە نێوان قەڵات و بازاڕی هەولێر بوو. ئەو هێزەی لە قشڵەی سواری لە هەولێر جێگیر کرا، دەیتوانی لە نزیکەوە چاودێریی دەروازەکانی شار و بازاڕ بکات. بنیاتنانیشی، ڕەنگدانەوەی گرینگیی ئیداری و بازرگانیی هەولێر بوو، وەک بەشێک لە ویلایەتی مووسڵی ئەو کات.

بە کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی عوسمانییەکان، قشڵەی سواری ئەرکە سەربازییەکەی لەدەست دا و قۆناغێکی دیکەی بەسەردا هات، لە شەستەکانی سەتەی بیستەم دەیان خێزان لەوێندەر نیشتەجێ بوون، بەمەش چیی تر وەک شوێنێکی سەربازی لە مێژوودا، ناوی نەما و بووە بەشێک لە ژیانی کۆمەڵایەتی و شارسازیی هەولێر و هەولێرییەکان.

لەو قۆناغە نوێیەدا، لە جیاتیی دەنگی پێی سەربازەکان و حیلاندنی ئەسپەکان، دەنگی منداڵ و قسەی ژنان و جوولەی پیاوانی کاسب، لە قشڵەی سواری بەرز بووەوە. بارەگە سەربازییەکە بووە شوێنێکی کۆمەڵایەتی و یەکێک لە بیرەوەرییەکانی ژیان و مێژوی دانیشتوانی گەڕەکی عارەبان و هەولێر.

ئەو گۆڕانکارییە لە قشڵەی سواری، شاهێدێکی مێژوویی بوو لە توانای باڵەخانە مێژووییەکە لە گونجان لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان و مانەوە وەک بەشێک لە مێژوی هەولێر.

دوای چەند دەیەیەکیش لە بوونی بەشوێنی نیشتەجێبوون، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری چۆڵکردنی دا، بۆ ئەوەی پارێزگاریی لێ بکرێت وەک بەشێک لە شارستانیەتی هەولێر، نۆژەن بکرێتەوە.

لە نیسانی ٢٠٢٦، قشڵەی سواری لە هەولێر وەک بەشێک لە بەرنامە و پلانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لەلایەن ڕێکخراوی (German Cooperation) بە هەماهەنگیی لایەنە پەیوەندیدارە خۆجێیەکان، پاک کرایەوە و ئەو زێدەڕۆییانەی لە دەوروبەری و ناویدا دروست کرابوون، کە لایەنە مێژوویی و هونەرییە تەلارسازییەکانی دەشێواند، لادرا. بەمەش نیشانە و بەها مێژووییەکەی بۆ گەڕایەوە.

ئێستە قشڵەی سواری لە هەولێر، جگە لە نۆژەنکردنەوەیەکی سنووردار، پێویستی بە دونیابینییەکی ئاوەدانی و ژیارییە لەسەر بنەمای پاراستنی شوێنەوار و نۆژەنکردنەوە بە پارێزگاریکردن لە ناسنامە مێژووییەکەی، بۆ ئەوەی ببێتە سەنتەرێکی ڕۆشنبیری و کولتووری کە مۆزەخانەیەک لە خۆ بگرێت، مێژووی هەولێر لە سەردەمی عوسمانییەکان نیشان بدات، جگە لە دروستکردنی هۆڵ بۆ کۆڕ و کۆبوونەوە و چالاکییە ڕۆشنبیرییەکان، تا ببێتە ناوەندێکی گەشتیاریی مێژووییی هەولێر.

بە نۆژەنکردنەوەی قشڵەی سواری لە هەولێر، قۆناغە مێژووییەکانی ئەو قشڵەیە بۆ سێ قۆناغ بەرز دەبێتەوە، لە بنکەیەکی سەربازییەوە بۆ ئاوەدانی و نیشتەجێبوونی هاوولاتییان، پاشانیش بۆ بنکەیەکی ڕۆشنبیری، شوێنەواری و گەشتیاری.



وێنەی دەرگەی قشڵەی سواری لە کۆڵانی عارەبان

واریقات



عەزیزی مەلای ڕەش

واریقاتی یەکەم

منداڵ ترێنە:

(مام سالّح) ناوێک لە شاری هەولێر دادەنیشت و (فڕفڕۆک) و (ڕەوڕەوە)ی دەفرۆشت. سالّی کەڕەتێک دووان دەهاتە گوندەکەمان. فڕفڕۆکەکانی کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ و ڕەوڕەوەش لە داری سپی و بەڕەنگ نەخشێندراو لە دوورەوە، حەزکێشی ئێمەی منداڵی نەدیتکە بوو. بە دەنگی بەرزەوە گازی دەکرد:

– منداڵ ترێنە، منداڵ ترێنە.

ئێمەی منداڵ لە هەرلاوە گەمارۆمان دەدا، بەدیتنی بابەتەکان سووقمان دەبووەوە و حەزمان گڕی دەگرت. هەوەل جار هات من بۆ هەردووکیان شێت و هار بووم و هەر زوو دەستم بەگریان کرد و پڕ بە زار هاوارم دەکرد:

– دایە منداڵ ترێنەم دەوێ

– دایە منداڵ ترێنەم دەوێ

ئەگەر بۆمی نەکڕیبووایە لە تاوان بەزگم دەدا.

واریقاتی دووەم:

یەکەم جار لۆری هاتە ئاوایی:

من منداڵ بووم و نازانم تەمەنم چەند بوو، بەس هێشتا نەمخوێندبوو ڕۆژێک بووە هەڵڵا و گوتیان: ئەها.... لۆری هات!

خەڵکی ئاوایی بیلبتوون، نێر و مێ لەبەرئەوەی یەکەم کەڕەت بوو گەمارۆمان دا و لە هەر چواردەوری دەسووڕاین و سەیرمان دەکرد.

کات نیوەڕۆ بوو، فەقێیەکی سوختە ڕاتبەی جەمی نیوڕانی خڕ کردبووەوە، هەرکە بیستی لۆری هاتووە نانەکانی ژێر هەنگڵی لەسەر دیواری حەوشەی ماڵێک دادەنێت و پڕتاو بۆ دیدەنی هەیپەی لێ دەکات. کە دەگەڕێتەوە سەگ نانەکانی خواردییە.

– ئەدی ڕاتبە؟

بە پێکەنینەوە دەڵێت:

بووە ئالیکی لۆرییەکە.

واریقاتی سێیەم:

پلکە جەمرە:

ناوبراو بێوەژن و خێزانی خوالێخۆشبوو (مام خارەمەند کارەوان) بوو، سێ کوڕ و دوو کچی هەبوو. کوڕ و کیژێکی لە من گەورەتر بوون و کوڕێکی ئاوزەی من و کوڕ و کیژێکیشی بچووکتر. من زۆرم خۆش دەویست ماڵیان لە ماڵی ئێمە تۆزێک دوور بوو، هێندە شەوی زستانان دەچوومە ماڵیان دەستیان کورت و قشپلی سووتانیان نەبوو، لە جیاتیی سۆبا بەکاوکۆت و زبڵی سەر گوفەکان ئاگری لە ژێر (بەردەسێڵ) دەکردەوە.

هەرکە بڵێسەی ئاگرەکە بەرز دەبووەوە، پفێکی لە چرا پلیتەکەی دەکرد و دەیکوژاندەوە. کە ئاگرەکە کز دەبووەوە، پووشکەیەکی بە ئاگر دەکرد و پێی دەکردەوە. تاکو نەفت زۆر سەرف نەکات.

ئەوکات قاپە نەفت، بوتڵێکی سێ هێندەی شووشەی بیبسی دەبوو بە (١٠) فلوس یان بە دوو هێلکە بوو. زۆر جار بوتڵەکە بەنی بە لوولەیەوە هەڵدەکێشراو لە جیاتیی قەپاخی سەری قلە قەسپێکیان لە دەرکی دەپەستا و بەکورتانی بارەبەر هەڵدەواسرا. بەم تەرزە دەناردرا لە شارۆچکەی دیبەگە بوتڵە نەوت دەهات. بەشی هەفتەی ماڵێکی ئەوهای دەکرد. بەیانی کە هەڵدەستامەوە، کونە کەپووم لەبەر دووکەڵی کا و چرا پلیتە، پڕی تەنی (هیس) بووە.

ئێمەی ماڵە مەلا هەبووە بووین و فانۆسمان هەبوو. بەتەنەکە نەفتمان دەکڕی. وەک خەون بە بیرم دێت جگە لە فانۆس چرا پلیتەشمان هەبووە.

کێڵانی کۆیە لە ماڵی زەینەب خان





شلێر سەعید

ئێواران ماڵێکی دێرین کە کەوتووەتە لا کۆڵانێکی تەسکی گەڕەکی بایزاغای کۆیێ، هێواش هێواش بە سەردانی خەڵک جوولّەی دێتەوە بەر، جوولّەی ژیانێکی نوێ کە تێکەڵ بە بۆنی مێژوو و دیوارە قوڕینەکان دەبێت.

ئەو ماڵە کە بەسەر شەقامی ڕەزاندا دەڕوانێت، سالّانێک کەلاوەی یادەوەرییەکانی بنەماڵەیەکی ناودار بووە بەناوی حاجی مەجید، پیشەیان بازرگانیی تووتن بووە و یەکێک بوون لە دەوڵەمەندەکانی شار، حکومەتی هەرێمی کوردستان سالّی ٢٠١٣ خانووەکەی کڕیوەتەوە و نۆژەنی کردووەتەوە تا بخرێتە سەر شوێنەواری کۆیە. لە پاریشەوە کراوەتە ئینستیتیوتی (زەینەب خان- کچە کورد)، ئێستە بووەتە پردێک لە نێوان ڕەسەنایەتیی دوێنێ و نوێگەریی ئەمڕۆی کۆیێ.

مەهاباد ئازاد سەرۆکی ئینستیتیوتەکەیە، بە پەرۆشەوە باس لەو خەونە دەکات کە لەناو ئەم دیوارە دێرینانەدا گەورەی دەکەن و دەڵێت "ئەو ناوەندەمان لە ئاداری ٢٠٢٣ەوە دامەزراندووە، گرینگی بە لێکۆڵینەوەی فیکری، زمانناسی، کوردناسی، وەرگێڕان و هۆشیاریی کولتووری دەدەین. دەمانەوێت ڕۆحیەت و توانای داهێنان لە کن خانمان و گەنجان بەهێز بکەین لۆ وەی دەرفەتی ڕاستەقینەی کاریان لۆ بڕەخسێ و بە بڕوابەخۆبوونەوە هەنگاو بەرەو ئایندە بنێن".

بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە، ئینستیتیوتەکە بەردەوام و خۆبەخشانە بەبێ هیچ پاڵپشتییەکی دارایی، چەندین خول و وۆرکشۆپ بۆ گەنجانی کۆیە و دەوروبەری دەکاتەوە، بەتایبەتی بۆ کچان و خانمان. لەوانەش خولی کۆمپیوتەر، ئێکسڵ، ژیری دەستکرد، گەشەپێدانی زمانی ئینگلیزی، دۆزینەوەی هەلی کار و هۆشیاریی ئەلیکترۆنی، خولی پێداگۆجیی مۆدێرن بۆ مامۆستایان و خولی فێربوونی ئامێرەکانی مۆسیقای کوردی.

هەڵبژاردنی ناوی زەینەب خان بۆ ئەو ناوەندە بە ڕێککەوت نەبووە، بەڵکو وەک وەفادارییەکە بۆ ژنێکی پێشەنگ و فەرامۆشکراوی مێژووی کوردی، زەینەب خان (١٩٠٠-١٩٦٣)، خوشکی گەورەی دڵداری شاعیرە. ئەو یەکەمین کچی کورد بووە لە سالّی ١٩٠٦ ڕووی لە قوتابخانەی ڕوشدیەی بەغدا کردووە.

ژنێکی ڕچەشکێن، شاعیر، کۆکەرەوەی فۆلکلۆر و چالاکوانێکی سیاسی کە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەکانی هیوا، دارکەر و خۆیبوون بووە، بە ناوی خوازراوی کچە کوردەوە چیرۆکی لە گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاو کردووەتەوە.

لە ژوورێکی ئەو خانووە کەلەپوورییەدا، ڕەنگەکان نیگای چاو تێژ دەکەن. ناوی ژوورەکە (ماڵی مۆری)یە، کە کچە دیزاینەری کۆیە، لاقە ئەمیر، تایبەتی کردووە بە جلی کوردی، مۆری، کڵاو و سەروکڵاوی ڕەسەن.

لاقە بە دەم ڕێکخستنی مۆرییەکانەوە، دەڵێت "زۆر سوپاسی پشتگیریی دکتۆرە مەهاباد و مامۆستا ئارەزوو و بەڕێوەبەری شوێنەواری کۆیێ دەکەم کە ڕێگەیان پێ دام لەو شوێنە ماڵی مۆری بکەمەوە". شوێنەکە بۆ دیزاین و فرۆشتنی جلی کوردی و سەروکڵاوی کۆن و نوێیە، تا گرینگی بەو لایەنە کەلەپوورییە بدرێت بپارێزرێت لە لەناوچوون.

ئێواران کاتێک خەڵکی کۆیە و میوانان بەناو حەوشەی ئینستیتیوتەکەدا پیاسە دەکەن، ڕوو لە قاوەخانەی ناو حەوشەکەی دەکەن. لەوێ بەدەم خواردنەوەی قاوەیەکەوە، هەست بەئارامی و بۆنی جاران و شارستانیەتی کۆنی کۆیێ دەکەن.

خەونەکانی ئینستیتیوتی زەینەب خان کۆتاییی نەهاتووە. مەهاباد ئازاد موژدەی ئەوە دەدات کە لە داهاتوویەکی نزیکدا، ماڵپەڕی فەرمیی ئینستیتیوتەکە کارا دەبێت تا ببێتە سەکۆیەک بۆ بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوە، شیعر و چیرۆک و دەنگی ڕەسەنایەتیی کۆیە، بەهرەی گەنجەکانی بە جیهان بگەیەنن، وادە و کاتی چالاکییەکانیشیان پێشوەختە لەوێ بڵاو بکەنەوە.



"عەبدولباسیت فەرهادی"

حاکم مەعروفتان دەناسی؟

حاکم مەعروف مەلا ڕەئووف یەکەم وەزیری داد لە هەرێمی کوردستان، کاتێک گواستراوە بۆ دادگەی لێکۆڵینەوە لە کۆتاییی هەشتاکان، من لەگەڵ دوو لێکۆڵەرەوەی دیکە، لێکۆڵەرەوەی دادی بووم. کۆبوونەوەی پێ کردین و زانی من کێم، گوتی لە پەنجاکان سەرەتای دامەزراندنم بە نووسەر لە دادگەی شەرعیە لەگەڵ باوکت نووسەری دادگە بووین.

پەیوەندیمان وەک مام و برازای لێ هات، پێشتر دادوەری دادگەی کار بوو کە سەر بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بوو، دواتر دادوەرەکانی دادگەکانی کار لە پەیمانگەی دادوەریی بەغدا خولێکی شەش مانگییان بینی و دادگەی کاریش بووە یەکێک لە دادگەکانی سەر بە وەزارەتی دادی عێراقی.

لە ماوەی کارکردنم لەگەڵ حاکم مەعروف، زۆر هەڵوێست و ڕەفتاری کوردانە و مەردانەم لێ بینی و وەک مامۆستایەک لە وانەکانی ژیان زۆر شتی لێ فێر بووم.

ڕۆژێک خزمێکی نزیکی لەسەر لێخورپینی ترومبێل بەبێ مۆڵەت گیرا بوو، پرسیاری لە من کرد چی لێ بکا؟ من گوتم بەپێی یاسا جەنابت چیت پێ باشە؟ گوتی بنووسە (٥٠) دینار تا وانەی لێ وەربگیرێ، ئەگەر نەیدا بگیرێ. من وێستم بزانم چ دەڵێ گوتم خۆ دەکرێ ئازادی بکەی، لە وەڵامدا گوتی: دەکرێ بەڵام خزمی منە، دەزانم باری دارایییان باشە، با ببێتە وانەیەک، چونکە بە سزای پارە زۆر کاریان تێ دەکا، خۆ ئەگەر شوفێری تەکسییەک بێ و کرێچی بێ، ئەو تاوانەیە لەوانەیە وا بکا ماڵ و منداڵی مانگێک گۆشت نەخۆن، هەرچەندە دەزانم چەند خزمێک لێم عاجز دەبن کە کوڕی فلّانی سزا بدەم، بەڵام یاسا بۆ هەموان وەک یەکە.

جارێکی دیکە شوفێرێک لە کەسێکی پیادەی دابوو دەستی شکا بوو، لە نەخۆشخانە خەوێنرا، شوفێرەکە کەسێکی ناسراو بوو، بۆیە سێ دادوەر بەجیا هاتنە لای حاکم مەعروف تا شوفێرەکە بە دەستەبەری بەربدا و بریندارەکە لە شوفێرەکەش خۆش بووبوو، بەڵام حاکم مەعروف بانگی منی کرد و گوتی تەلەفۆن بۆ هەر حەفت بنکەکەی پۆلیس بکە بزانە چەند حاڵەتی لەم شێوەیە هەیە با دۆسیەکانمان بۆ بنێرن، دۆسیە هاوشێوەکانیان نارد کە نەماندەزانی شوفێرەکان کێن، یەکسەر بڕیاری دا هەموویان بە دەستەبەری بەربن تا ڕۆژی دادگەیی و گوتی لای من جیاوازی نییە لە نێوان ئەمیرێک و فەقیرێک.

کە ڕاپەڕین بوو کرایە وەزیری داد، لە کاتێکدا زۆر کەس نەدەوێرا پلە و پۆست وەربگرێ لە ترسی ڕژێم کە لە کانی قرژاڵە و پشت گردی پیرداود ڕۆژانە هەولێریان بۆمباران دەکرد.

- خاوەن ئیمتیاز: **دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ**
- سەرنووسەر: **ڕێبەند سەعدوڵا**
- دیزاین: **ئاراس ئەکرەم**
- لۆگۆ و خۆشنووسی: **بژار ئەربیلی**
- دەستەی نووسەران: **نازم دڵبەند، زیرەک تاریق، هەژار مەجید، ڕەوا عەبدوڵا**

کوردستان / هەولێر، گەڕەکی سەربەستی

www.gilkend.com
info@gilkend.com
Gilkend is a general-interest weekly paper
published by Kurdistan Chronicle

گۆڤاری گڵکەند

Issue (40), Wednesday 30/9/2026

گڵکەند گڵکەند گڵکەند گڵکەند گڵکەند

دایکم بیر دەکەوێتەوە
سکم بەئادەم دەسووتێ
دایکی نەبوو
کە دەرکرا هاواری بۆکێ دەبرد

چەند جارێک تێبینیم کردووە
ئەو مااڵنەی وێنەی دایک هەڵدەواسن
دیوارەکەیان تەقیوە
ئاخر جوانیی بێگۆتایی چۆن دەخرێتە
چوارچێوەوە

دایکم بەئاهی سارد دەرونی بووە سااڵجە
وەکوو ئەوەی دەرمان بێ
شڕودبێ فرمێسک و یاکەتی نەبوونی و
قەترەی مەراقی
لەشوێنێکی دشک و لەپڕەفەی سەرەوەی ناخیدا
دوور لە دەستی سندااڵکانی هەڵدەگرت

دایکمان لەتەنیشت دایکی نااشت
مەاڵ هەربااسی ئاگری قیامەتێ دەکرد
کەچی لەقەبرستانەکە
تەنها بۆنی شیردەهات

تەڵعەت تاهیر